# ژنان

ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ

ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٧ی گۆڤاری «ژنان»


## ٢٥ی گەلاوێژ و ڕوڵ و پێگەی ژنان لە نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا

## ترسی ڕێژیمی ئاخوندی لە خانەوادەی شەهیدان

## باخچەیەکی ڕەنگینی کولتووری ژنان ( ژن ژیانە)


## پێگەی ژن لە سۆفیگەری و عیرفاندا

## تابلۆیەک لە غەمگینترین پیاوی دونیا


## هەر ڕۆژە و لە شوێنێکمان دەدا












کورتەیەک لەسەر ژیانی ئەدەبی «نەرمین ئیبراهیم ئازەر (تەوار)»

پەیامی یەکیەتییەکانی خوێندکاران، لاوان و ژنانی دێموکرات، بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٧٩هەمینساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکرات

باسێک لە سەر کتێبی «برکی ڕزگاری» و پرسی ژنان،

# ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## ژماره ٦٦ی گۆڤاری «ژنان»

سەرنووسەری گۆڤار:
نەسرین یوسفزداه

دەستەی نووسەرانی ئەو ژمارەیە

نەسرین یوسفزادە
لەیلا قادری
شاماران
ڕێبوار دوونان
ف.پ-ڕێباز
شەهلا دەباغی
تریفە فاتیحی
جیهان بێتووشی

دیزاین:
نەسرین یوسفزادە
دیزاینی بەرگ:
٤٩ کتێب

هاوکاران
شاماران
فاتمە مەلەکی

## پێرستی بابەتەکان

١- پێریست و ناسنامەی گۆڤار
٢- هەر ڕۆژە و لە شوێنێکمان دەدا
٣- ترسی ڕێژیمی ئاخوندی لە خانەوادەی شەهیدان
٥- ٢٥ی گەلاوێژ و ڕوڵ و پێگەی ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا(دیمانە)
٨- باخچەیەکی ڕەنگینی کولتووری ژنان ( ژن ژیانە)
١٠- پێگەی ژن لە سۆفیگەری و عیرفاندا
١٢- باسێک لە سەر کتێبی «برکی ڕزگاری» و پرسی ژنان،
١٦- تابلۆیەک لە غەمگینترین پیاوی دونیا
١٨- کورتەیەک لەسەر ژیانی ئەدەبی «نەرمین ئیبراهیم ئازەر (تەوار)»
٢٠- سوودەکانی هەنجیر
٢٣- پەیامی یەکیەتییەکانی خوێندکاران، لاوان و ژنانی دێموکرات، بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٧٩هەمین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکرات

**بۆ پێوەندی کردن بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران:**

**لینکی گۆڤاری ژنان لە سایت:** https://www.kurdwomen.org/category
٠٠٩٦۴٧٥٠١٢٢٠٨٧٣
٠٠٩٦۴٧٥٠٢١٣٧١٠٩

# هەر ڕۆژە و لە شوێنێکمان دەدا

نەسرین یوسفزادە

لە ڕۆژی ٢٥ی خاکەلێوەی ئەمساڵەوە، گەلاڵەی نوور بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەوەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی پێی دەڵێ بێ حیجابی دەستی پێ کرد. ماددەی ١٤١ ی سزادانی ئیسلامی دەڵێت: «ئەو ژنانەی بەبێ حیجابی ئایینی دەربکەون سزای ١٠ ڕۆژ بۆ دوو مانگ یان غەرامەی ٥٠ بۆ ٥٠٠ هەزار ڕیال دەدرێت.»!

لە نیوەڕاستی مانگی جۆزەردان گەلاڵەیەکی نوێ لە بواری حیجاب ئاشکرا کرا و لە ١٢ی جۆزەردان لە یەکەم خولی پرۆژەی گەڵاڵەی «توبا» لە خۆراسانی ڕەزەوی وردەکارییەکانی ئەو پلانە خرایە ڕوو. گەلاڵەی نوور و گەلاڵەی تووبا و هەر ماددە و گەلاڵەیەکی هاوشێوەی ئەوانە ئەو ماوەیە تەنیا بۆ دەمکوتکردن و بێدەنگکردنی ژنانی ئازادیخواز و چالاکە. ئەوان دەزانن و لە بزووتنەوەی ژینا بۆیان دەرکەوت ڕووبەڕووی چ هێزێک بوونەتەوە، کاتێک لەسەر تاڵە قژێک، کچێکی بێتاوان دەکوژن و کوردستان و بەگشتی ئێرانی هێنا سەر شەقام و ئەو ڕووداوە بۆ جارێکی دیکە لە مێترۆی تاران ڕوودەدا دووبارە خەڵک بێدەنگ نابن. بەڵام ئەمجارەیان حکوومەت تەنانەت ئیزن نادا بنەماڵەکەی تەرمەکەی بەرنەوە زێدی خۆیان و بە ناچار هەر لە تاران دەینێژن. چونکە لە ئەزموونی ئاپچی سەقز بۆیان دەرکەوتووە چی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بۆیە ئەوجارەیان بە شێوازێکی یاسایی ڕووبەڕووی بە قەولی خۆیان بێ حیجابی دەبنەوە و بۆ بەناو یاسایی کردنی ئەو کردەوەیە پاساو دەخەنە سەر دەستبەسەرکردنی کچان و ژنان بە بیانووی بێ حیجابی بە بڕیارێک بە ناوی گەلاڵەی نوور یان گەلاڵەی تووبا بیانوویەک بۆ ئەوەی دەیکەن.

هاتنە ئارای چ گەلاڵەی نوو و چ گەلاڵەی تووبا هەر وەک باسمان کرد بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ژنانە لە تاران و شارە گەورەکان لە کوردستان شێوازی شەڕ دەگۆڕێ.

نیزیکەی دە ڕۆژ دوای هاتنەسەرکاری مەسعوود پزشکیان چەندین کەس لە سێدارە دران، هەر ڕۆژێک پێش دەوری دووهەمی بەناو هەڵبژاردنەکە شەریفە



محەممەدی چالاکی ژێگەپارێزی حوکمی سێدارەی بۆ هاتەوە. چەند ڕۆژ دوای ئەوە پەخشان عەزیزی، ژنەچالاکی کورد کە لە نزیکەی ساڵێک لەمەو پێشەوە دەستبەسەرە، لە لایەن دادگای شۆڕشی ئیسلامیی تارانەوە بە تۆمەتی ئەندامبوونی لە یەکێک لە حیزبە سیاسییەکان سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپا. و وریشە مورادیش یەکێکی دیکە لەو ژنانەیە کە پەتی سێدارەی کۆماری ئیسلامی لە ملی هاڵاوە و لەسەر کاتی دەرچوونی حوکمی کۆتایی ڕاوەستاوە.

ئەوەی دەبێتە هۆکاری زیندانی کردن و دەستبەسەر کردنی ژنان لە ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەبوونیانە لە گۆڕەپانەکە ئەوەیکە جوان بۆیان دەرکەوتووە کە هێزی ژنان چۆنە و چیان پێدەکرێ و چۆن دەتوانن بەرەنگاری هەر شێوە نەیارێک ببنەوە. تاریک و ڕوونی بەیانی هێرش دەبەنە ماڵی کاک ئەحمەد حەسەنزادە و کچەکەی خاتوو سۆڵماز حەسەنزادە خوشکی شەهید محەممەد حەسەنزاە دەستبەسەر دەکەن. ئەوە یەکەم کەس لە بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا نییە کە دەستبەسەر دەکرێن و تەنانەت بەڵێنیان لێ وەردەگرن کە ئیتر چی دیکە چالاکی نەکەن بەڵام مەگەر ئەوان بەو هەڕشە و گورەشانە کۆڵ دەدەن؟ نموونەکەی زۆر بیندراوە کە نەوەک بێدەنگ نەبوون بەڵکوو بەگوڕتر لە جاران بوون لە دژایەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی خوێنی خۆشەویستەکەیانی ڕشتووە.

بابەتێکی دیکە کە دەکرێ هەڵەوێستەی لەسەر بکەین کە ئەویش بە بەردەوامی باسی لیدەکردرێ ژینەگەی کوردستانە، دەوڵەت بەردەوامە لە ژینوسایدی ژیان و ژینگەی کوردستان.

ساڵ نییە بەشێکی زۆی لە دارستانەکانی کوردستان ئاگر نەگرێ و دەوڵەت تەنانەت ئاوڕیشی لێنەداتەوە و ئەوە هەمووی هەوڵ و هیمەتی ژنان و پیاوانی ژینگەپارێز و ژینگە خۆشەویستە کە ئەو ئاگرانە دەکوژێنەوە و بەداخەوە ساڵ نییە لەو پێناوە و لەو سەنگەرە پیرۆزەشدا کوردستان شەهید نەدا. و تەنانەت بەوەش تێر نابێ و دەستیان کردووە بە گرتن و دەستبەسەرکردنی چالاکانی ژینگەپارێزی و وەک لەسەرێ ئاماژەم پێ کرد شەریفە محەممەدی یەکێک لەو چالاکانەی ژینگە پارێزییە کە حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپاوە. هەر وەک یوسف مەولوودی کوڕی شەهید غەفوور مەولوودی یەکێک لە شەهیدانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لەنێو ئاپۆرای خەڵکەکە کاتی ناشتنی باوکی گوتی «ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تاران فاشیستە و لە کوردستان داگیرکەرە، ئەگەر لە تاران بە باتۆم لە خەڵک بدا لە کوردستان بە گوللە لێیان دەدا» دەنا ئەوە چۆنە قەت و لە هیچ هەواڵیکدا باس لە ئاگر گرتنی دارستانەکانی باکووری ئێران یان شوێنەکانی دیکە نییە. ئەوە دەگەیەنێ کە فارسی داگیرکەر دەزانێ خاک بۆ ئێمە چەندە پیرۆزە ئەگەر لەگەڵ خۆمانی پێ نەکرێ هێرش بۆ دار و دارستانەکانمان دەبا.



لەیلا قادری

# ترسی ڕێژیمی ئاخوندی لە خانەوادەی شەهیدان



شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵدا، بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرین بوو کە دوای شەهیدکردنی ژینا ئەمینی بە دەستی پۆلیسی ڕەوشتی تاران گەیشتە لوتکە. ئاشکرایە کە ئەو بزووتنەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕیشەیەکی زۆر قووڵی هەیە کە لە دوای شەهیدبوونی ژینا هەموو سنوورەکانی بڕی و لە ئاستی جیهانیدا دەنگی دایەوە، ڕێژیم ئاخوندی بەپێی سروشت و خسڵەتی هەمیشەیی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو شۆڕشە دەستی لە هیچ چەشنە زەبر و زەنگ و کوشتوبڕ و قەڵاچۆیەک نەپاراست، گەلێک ڕۆڵی چاونەترس و ئازا و بوێری لێ ستاندین.

لەو ڕێڕەوەدا ئەوەی هەمیشە جێی سپاس و پێزانین و لێ فێربوونە هەڵوێستی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی شۆڕشی ژینایە، بەجۆرێک کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە تێپەڕبوونی کات شاهیدی هەڵوێستی بوێرانە و مودێرن و جێی تێڕامانین، یەکگرتووی و هاودەردی و پەیمان نوێکردنەوەی دایکی شەهیدان بووەتە وێردی سەر زاری هەموو نیشتمانپەروەرێک، مێژوو شانازی بە تۆماری ئەو وتەیەی کاک ئەحمەدی حەسەنزادە باوکی شەهید محەممەدی حەسەنزادەوە دەکات و لە دڵی لاپەڕەکانیدا بە پیرۆزی دەیپارێزێت؛ «پیاو بۆ ئەوەی پیاو بێت دەبێ زۆر ژن بێ.» ئەو وتەیەی کە گەلێک دەرهاویشتەی قووڵ و ماناداری لە ئاستی جیاوازدا لێکەوتەوە.

> **بەجۆرێک کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە تێپەڕبوونی کات شاهیدی هەڵوێستی بوێرانە و مودێرن و جێی تێڕامانین، یەکگرتووی و هاودەردی و پەیمان نوێکردنەوەی دایکی شەهیدان بووەتە وێردی سەر زاری هەموو نیشتمانپەروەرێک،**

کاک ئەحمەد سەر لە نوێ مەردایەتی و پیاوەتی پیناسە کردەوە، باوکی شەهید محەممەد حەسەنزادە پێناسەی سوننەتیی مەردایەتی و جوامێری کە هەمیشە بەسترابووە بە نێرینەبوونی مرۆڤەوە خستەژێر پرسیارەوە و جوامێری بە مانای وشە بەستەوە بە چاونەترسی و بوێری لە ژنانی ئازا و ئازاد دا و دەرکی

**کاک ئەحمەد بە ئاشکرا و بێترس و دوودڵی پێی وتین؛ تایبەتمەندییەکانی وەک بوێری و چاونەترسی و لەهەمانکاتدا نەرموونیانی و دڵسۆزی نەبەسراوە بە ڕەگەزەوە بەڵکوو ئەوانە دەکەونە چاچێوەی خسڵەتە بەرزە ئینسانییەکانەوە.**

مرۆڤی کوردی سەردەمی لە ئەو کلێشە باوە دەرباز کرد کە هێز و ئازایەتی هەمیشە بە خسڵەتێکی پیاوانە دەزانی و دەرکێکی بەرفراوان و یەکسانیخوازانە لە شوێنی چەسپاند. کاک ئەحمەد بە ئاشکرا و بێترس و دوودڵی پێی وتین؛ تایبەتمەندییەکانی وەک بوێری و چاونەترسی و لەهەمانکاتدا نەرموونیانی و دڵسۆزی نەبەسراوە بە ڕەگەزەوە بەڵکوو ئەوانە دەکەونە چاچێوەی خسڵەتە بەرزە ئینسانییەکانەوە.

هاوکات پێی وتین؛ وشەکان بۆ ڕێزلێنانێکی مانادار و قووڵ لە ئازایەتی و بوێری ژنان، بەتایبەت ئەو ژنانەی خەبات بۆ بەدیهێنانی ئازادی و دادپەروەری دەکەن و زۆر جار پەراوێزدەخرێن یەکجار گرینگن. بەتایبەت هێزی ئەو ژنانەی لەکاتی تێکهەڵچوون و ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا کەمتر دەکەونە بەرچاو.

وتەی کاک ئەحمەد ورەبەخش بوو ورەبەخشە بۆ ژنان و پیاوانیش . لەلایەک پیاوان هاندەدات کە ستانداردەکانی بوێری و هێز کە ژنانی ڕۆژهەڵات بە ناوچەکە و جیهانیشیان نیشاندا ڕەچاو بکەن، بۆ ژنانیش متمانە و ڕێز و ورەیان تێدا بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی بەشداری چارەنووسسازانەی خۆیان لە پرسە گرینگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بۆ هەمیشە بەفەرمی بناسن. ئەوەی لێرە پرسیارە بۆچی ڕێژیمی ئاخوندی سەرەڕای شەهیدکردنی ڕۆڵەکانمان ئێستاش لەهەر هەڵوێست و جووڵەیەکی تەنانەت سەمبولێکی خانەوادەی شەهیدان دەترسێ؟ بۆ گوشار دەخاتە سەریان؟ بۆ ڕاپێچی بەندیخانەیان دەکا و لێپێچینەوەی لێ دەکات؟!!!

هەموو ئەو پرسیارانە پێویستیان بە هەڵوێستەیە، ڕێژیم لەو ڕێگەیەوە دەیهەوێ درێژەی بە سەرکوتی نارەزایەتییەکان بدات و وەک تاکتیک ئەو کردەوە دژە ئینسانییە ڕەچاو دەکات بۆ ئەوەی دژبەرانی خۆی پێ چاوترسێن بکات، پێیوایە لەو ڕێگەیەوە دەتوانێ ڕێگری لە گردبوونەوە نارەزایەتییەکان بکات.

ئاخوندییەکان پێیانوایە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ترس و دڵراوکێ دەتوانن ڕێگە لە تۆمار و گێرانەوەی چیرۆکی حەماسی شەهیدەکانمان بگرن کە بوونەتە هێمای گیانبازی و بەرخۆدان

یەکگرتووی دایکی شەهیدان لە شۆڕشی ژینادا بووەتە هێمای خۆڕاگری و فیداکاری هەم لە ئاستی تاکەکەسیدا و هەم بەکۆمەڵیش بۆ گەیشتن بە ئامانجی پیرۆزی ئازادی.

دایکی شەهیدان بوون بە کتێبی لێفێربوون ، ئەوان بەنواندنی سۆز و وەفا بۆ یەکتر لەلایەک باری دەروونی خۆیان دەپارێزن لە لایەکی دیکە ورە و هێز بۆ بەردەوامی بزووتنەوەکە لەنێو گەلی خۆیاندا زیاد دەکەن ئەوەیە کە دوژمن چاوی بەو یەکگرتنە هەڵنایا. بە گوشار خستەسەریان دەیهەوێ ماندوویان بکات و ئەو یەکگرتوویە لاواز بکات، پێوایە دەتوانێ بە زەبر و زەنگ خانەوادەی سەربەری شەهیدان پەراوێز بخات، بۆیە لێرەدایە کە دەبێ هۆشیارانە لەگەڵ دۆخەکە بجولێنەوە؛ دەبێ هەوڵ بدەین سەرنجی نێودەوڵەتی بۆ پرسە رابکێشین، نابێ ئەو پەیوەندییە بپچرێت، هەموو ڕێگاکانی مومکین لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕەچاوبکرێن، بەڵکو فشار بۆ سەر ڕێژیم زیاد بێت.

**دایکی شەهیدان بوون بە کتێبی لێفێربوون ، ئەوان بەنواندنی سۆز و وەفا بۆ یەکتر لەلایەک باری دەروونی خۆیان دەپارێزن لە لایەکی دیکە ورە و هێز بۆ بەردەوامی بزووتنەوەکە لەنێو گەلی خۆیاندا زیاد دەکەن ئەوەیە کە دوژمن چاوی بەو یەکگرتنە هەڵنایا. بە گوشار خستەسەریان دەیهەوێ ماندوویان بکات و ئەو یەکگرتوویە لاواز بکات**

**پێویستە خەڵک و ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان بە هاوکاری مادی و مەعنەوی پشتی خانەوادەی شەهیدان بەرنەدەن و پاڵپشتیان بن، هەوڵبدەن بە هاوکاری پارێزەر و دادوەران چ لە ئاستی نێوخۆ و نێودەوڵەتیش بەرگری لە مافی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان بکەن.**

هەروەها پێویستە خەڵک و ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان بە هاوکاری مادی و مەعنەوی پشتی خانەوادەی شەهیدان بەرنەدەن و پاڵپشتیان بن، هەوڵبدەن بە هاوکاری پارێزەر و دادوەران چ لە ئاستی نێوخۆ و نێودەوڵەتیش بەرگری لە مافی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان بکەن.

بێگومان تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان پانتایەکی باشە بۆ هاوبەشکردنی دەرد و ئازارەکانیانە و ئەمەش لەباری دەروونی و مەعنەوییەوە ئازارەکانیان کەم دەکاتەوە و ورەیان پێدەبەخشێ. دابینکردنی کاناڵی ئەمن و باوەڕپێکراو بۆ بەرگریکردن لە خانەوادەی شەهیدان لەبەرامبەر هەرەشەکانی ڕێژیمی ئاخوندی.

خەڵکی کوردستان ئەوەندە هۆشیارن کە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان بەتەنیا جێنەهێڵن، ئەوان دەزانن ئەو خانەوادانە ئێستا پێویستیان بە یارمەتی هەیە دەبینین کە بەشێوەی ڕێکخراو و تەنانەت نارێکخراویش هەرگیز پشتیان چۆڵ نەکردوون و نایکەن ئەوەش گەورەترین ئەشکەنجە و ئازارە بۆ کاربەدەستان ڕێژیمی ئاخوندی.

# ٢٥ی گەلاوێژ و ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا

دیمانە:
شاماران

**بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزراندنی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» دەمانەوێ ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە و بزانین کە ئایا ژنان لە کاتی دامەزراندی حیزبی دێموکراتدا هیچ ڕۆڵێکیان هەبووە و هەروەها ژنان تا چەند توانیویانە کار بۆ وەدەستخستنی مافەکانیان بکەن و حیزبی دێموکراتیش تا چەند ئەم دەرفتە بۆ ژنان ڕەخساندووە و هاوکار بووە و ئایا ژنان خۆیان توانیویانە جێگە و شوێنپێی خۆیان لەنێو حیزبدا بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن گۆڤاری «ژنان»ەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ بەڕێز کاک «حەسەن حاتەمی» ڕاوێژکاری بەڕێوەبەیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ.**

**پرسیاری یەکەم: دەمانهەوێ ئاوڕێک لە مێژوو بدینەوە و ڕۆڵی ژن لە مێژوو دا هەڵسەنگێنیین، هەر بۆیە دەمهەوێ لە پێشدا بەم پرسیارە دەستپێبکەم کە لە ٢٥ ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا و لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی شەهیدی نەمر قازی محەممەد دا، ئایا ژنان ڕۆڵیان هەبوو؟ چ ڕۆڵێکیان هەبووە؟**

وڵامی پرسیاریی یەکەم : سەرەتا زۆر سپاستان دەکەم بۆ ئەو دیمانە و لە ڕێگەی گۆڤاریی تێکۆشەری ژنان وە، پڕ بە دڵ ٢٥ ی گەلاوێژ، ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژێ. کاف.) و حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە هەموو دێموکراتەکان، لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و نیشتەجێ لە هەموو جیهان دەکەم.

سەبارەت لە وڵامی پرسیارەکەتان دا، پێویستە عەرزتان بکەم کە: چ لە سەروبەندی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوە کورد (ژێ. کاف.) و چ دواتریش لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، ژنان بەداخەوە ڕۆلیان نەبوو. چوونکە هەم دواکەتویی کۆمەڵگە بەگشتیی، بە قەولی شەهید دکتور سادقی شەرفکەندی (د. سەعید) : عەشیرەگەریی، مەزهەب و نەخوێندەواری سێ چەمکی گرینگ لە بزووتنەوە ڕزگاریی خوازییەکان دا، لە لایەک وەک: لەمپەر و بەربەست هەبوون و لە لایەکی دیکەش ئێزنێکی ئەوتۆ لە لایەن کوڕان و پیاوان بە ڕۆڵ و نەقشی کچان و ژنان چ لە نێو کۆمەڵگە و چ لە دامەزران و تێکۆشان لەنێو حیزب و ڕێکخراوەکاندا، نەدەدرا. کەوابوو، ژنان و کچان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە دامەزرانی ئەو ڕێکخراو و حیزب دا نەبوو.

بەڵام ٤٥ ڕۆژ و شەو دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە ٨ ی مارسی ١٩٤٦دا، یەکەم کۆنفرانسی ژنان لە ناوەندی فەرهەنگیی سۆڤییەتی و کورد لە مەهاباد گیرا. حەوتووی دواتر لە ١٥ مارس بەرانبەر بە ٢٤ ی ڕەشەممەی ١٣٢٤، حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان بە هێممەتی پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆمار و هاوبیرانی و بەرپرسایەتیی یایی مینا ئەسکەندەری (قازی)، هاوژینی دامەزرا.

لەو کاتی بەدواە ژنان و کچان، کە بە یایان و کیژان ناویان دەبرا، هەم لە ماوەی نیزیک ١٠ مانگی تەمەنی کۆمار و هەم دواتریش نەقشی بەرچاویان لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی سیاسیی - فەرهەنگیی تارادەیەک و لە بواری کۆمەڵایەتی زۆر پڕ ڕەنگ و دیارتر دەرکەوت. بۆ وێنە: پێشکەش کردنی وتار لە بۆنەکان دا، نووسین لە ڕۆژنامەی کوردستان، زمان حالی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، فێرکار(مامۆستا) ی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی حکوومەتی جمهووری کوردستان دا. پشتیوانی ماڵی و لۆجستیکی بۆ پێشمەرگەکان لە سپای میللی کوردستان دا، بە پێی توانا و هەوڵدان و ...


**پرسیاری دوویەم: ژنان بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتی داگیرکار دا دەچەوسێنراونە و مافیان بەردەوام پێشێل دەکرا، بەڵام ئایا ژنان توانیویانە لەگەڵ دامەزراندنی حیزبی دێموکراتدا کار بۆ مافەکانیان بکەن؟ حیزبی**

**دیموکرات تا چەند ئەم دەرفەتەی بۆ ژنان ڕەخساند کە بتوانن کار بۆ مافەکانیان وەک: مافی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی بکەن؟**

وڵامی پرسیاریی دوویەم : لە وڵامی پرسیاری یەکەم دا، عەرزم کردن کە تێکۆشان و دەرکەوتنی ژنان و کچان دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو. کۆماریش ١٦٠ ڕۆژ و شەو دوای دامەزران و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا. کچان و ژنان لە ڕەشەمەی ١٣٢٤ دا، بەفەرمیی هاتنە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و جێگە و پێگەی تایبەتی خۆیان هەبوو.
بە قەولی: خاتوو شەهزادی مەجاب، مامۆستا و توێژەر لە زانستگەیەکی تۆرێنتوی کانادا، دامەزرانی حیزبی ژنان لە کۆماری کوردستان دا، هەم سیمایەکی مۆدێرنی دا، بە دەوڵەت – نەتەوەیی خوجێی کوردی دا، و هەم ژنان لە ماڵەکان هاتنە دەر و بوون بە پشتیوانی باشی کۆمار و بە گەرمیی لە گۆڕەپانەکە دا، چالاک بوون.

**پرسیاری سێیەم: ئایا ژنان دوای دامەزراندنی حیزبی دیموکراتیش، بەردەوام ڕۆڵیان هەبووە؟ دەرفەت بە ژنان دراوە کە بتوانن خۆیان لە کاروباری سیاسیدا ببیننەوە؟**

وڵامی پرسیاری سێیەم: ژمارەیەک لە ژنان و کچان لە دوای ڕووخاندن و ساواکوژکردنی کۆماری کوردستان، لە نێو کۆمەڵگەی کۆمەڵایەتیی، بنەماڵەی زیندانییە سیاسییەکان و تێکۆشەرانی ڕێی ئازادی و مافی نەتەوایەتیی بەردەوام بە شێوەی «سەربازانی ون» کەم و زۆر، دوور و نیزیک حوزووریان هەبووە.
درێژەدان بە خوێندنی کچان
بە پێی وەسییەت نامەکەی شەهیدی نەمر پێشەوا قازی محەممەد بۆ خوێندن و بردنە سەر ئاستی زانست، زانیاریی وپێگەیشتن بەشێک لە خەبات ئەوان بووە کە حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان ڕێچکەی هێنانەدەری و پێگەیاندنی ژنان و کچانی گرتبوە بەر.
لە دەرفتەکانی ساڵەکانی ١٣٣٠ – ٣٢ هەتاوی دا، کە فەزای ئێران تا ڕادەیەک کراوە بوو بەشداری ژنان و کچان لە شەقام لە کاتی پێویست دا، بەرچاو بوو. گیرانی «گوڵێ ڕێحانێ» بۆ ماوەی ٣ مانگ دوای کوودێتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ چالاکیی ژنان نیشان دەدا.
لە بزووتنەوەی ١٣٤٦– ٤٧ یش دا، کچان و ژنان، پتر لە گوند و مەزراکان بۆ پشتیوانی لە تێکۆشەران و فیداکارانی ئەوکات، چ لە هاوڕێی لەگەڵ کوڕان و پیاوان و بەتایبەتی لە نهێنی پاریزی حەشاردانی پێشمەرگەکان و کارەئاسانی بۆیان ژنان و کچان نەقشی زۆر باشیان هەبووە، کە بە داخەوە زۆر کەم ئاماژیان پێکراوە. لە تێکۆشان دا، ژنان تەنانەت زیندانیش کراون کە یەک لەوان نەمر کوبڕا ئەڵلاویسی لە جۆزەردانی ١٣٥٧ بوو.
لە خولی پتر لە ٤٥ ساڵەی نوێی خەبات و تێکۆشان لە بەرانبەر سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی دا، ژنان و کچانی لایەنگری حیزبی دیمۆکرات و ڕێکخراوەکانی دیکە کە لە دوای جۆزەردانی ١٣٥٧ و ناشتنی یادبەرێز و نەمر کاک عەزیز یۆسفی و سێیەمین ڕۆژی گۆرستانی مەهاباد کە خۆپێشاندانی دانی گەورەیی لێ



چێ بوو و بەشداریی لە مێتینگی پتر لە ١٠٠ هەزار کەسی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستانی (ئیران)، لە ١١ ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ دا، دەنگ نەدان بە دامەزرانی «کۆماریی ئیسلامی نە یەک وشە زیاد و نە یەک وشە کەم» لەگەڵ کوڕان و پیاوان و بە هەڵویستی بەرگری کارانەکەیان و هاتنە نێو ڕیزی پێشمەرگەکان، لە شەڕە داسەپاوەکان و هێرش بۆسەر کوردستان، هەتا هەڵبژاردنی خاتوو فەوزییەی قازی بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە کۆنگرەی چوارەم دا، کە یەکەم ژنی هەڵبژێراو لە مێژووی حیزب دا، ڕێگەیەکی بچووکی دەرفەت دان بە ژنان بۆ بەشداریی لە سیاسەت هەتا ئەوکات بوو.
دواتر بە هەڵبژاردنی ژنێک بۆ ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی، لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی خەبات و تێکۆشان دا، کادر و پێشمەرگە بوونی ژنان و کچان، ڕەخساندنی دەرفەتەکان لە جەستەی حیزب دا بوون. بەداخەوە بۆ ماوەی ٦ کۆنگرە کە کۆنگرەی ٥ هەتا کۆنگرەی ١١ ژنان و کچان لە هیچ کام لە ئاستەکانی ئەندامانی ڕێبەریی ،

کۆمیتەی ناوەندی، جێگری کۆمیتەی ناوەندی و موشاوران دا، نەخوێندرانەوە.
بەڵام لە کۆنگرەی ١١ وە کە خوشکە خەجیج مەعزوور بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا، هەتا ئێستا بۆ ماوەی ٢٧ ساڵە کچان و ژنان لە رادەی رێبەری دا، بەخۆشییەوە لە هەر سێک رەدەی دا، حزووری بەرچاویان هەبووە و هەیە. دیسان بەداخەوە نە لە دەفتەریی سیاسی و نە لەجێگری سکرتێر دا، بوار بۆ ژنان و کچان نەرەخساوە. ئومێدەوارەم لەوە بەدواوە لەو رەدانەش هەم لە لایەن کچان و ژنانی خوێندەوار و پێگەیشتوو ئامادەیی ئەو بەرپرسایەتییانە هەبن و هەم کوران و پیاوان کە زۆرینەی بەردەوام لە رێبەریی یارمەتیدەر لە بەشانەش دا، بن.

**پرسیاری چوارەم: وەک: کۆتا پرسیار، دەمهەوێ بپرسم کە ئایا ژنان لەنێو حیزبدا، بە نیسبەت ئەوکات توانیویانە خۆیان لەگەڵ دونیای سیاسەتدا بگونجێنن و جێگە و شوێنی خۆیان لەنیو حیزب دا، بکەنەوە؟**

ولامی پرسیاری چوارەم:
پێویستە لەو بەشەی پرسیارەکەت دا، کەمێک وردەکاری پتر باس بکەم. لە کۆنگرەی ١٤ ی حدک دا، ساڵی ٢٠٠٧ (١٣٨٦) «سیستێمی کۆتا ‹› یا «جیاوازیی ئەرێنی» هاتە نێو پێرەوی نێوخۆیی حیزب و ٢٥٪ ی بەشداریی کچان و ژنان لە کۆنگرە و رێبەریی دا، تا رادەیەکی بەرچاو کاریی پێکرا. ئەندامانی رێبەریی لە دەرەوەی وڵات، جێگە خۆیان هەبوو، کە ژنیش تێیدا هەڵبژێران. خاتوونەکان، دکتورکوێستان گادانی و گوڵاڵە شەرفکەندی ولەو خاتوونە چالاک و پێگەیشتووانە بوون. پێگەیشتوویی کچان و ژنان لە کوردستان و تاراوگە لەنێو حیزب دا، بەخۆشییەوە بەرەوسەر چوو هەتا جێگەیەک کە، لەدوای یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، بەرپرسی یەکەمی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاتوونێکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو بە ناوی خاتوو دکتور کوێستان گادانی یە. هەورەها، لە ئاستی کۆمیتە و ئۆرگانەکانی حیزب دا، تا رادەیەک بەرپرسانی ژن کادری بەوەج و پێگەیشتوو، بەتایبەتی لە رۆژنامە، رادیو و تلویزیۆنی حیزبن، پێشمەرگەن و لە رێکخراوی مەدەنی یەکیەتیی ژنان لە کوردستان و دەرەوەی نیشتیمان بوون و هەن. بۆ وێنە خاتوو کوێستان بابایی بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە سوئید بوو. خاتوونەکان شلێر حەسەنپوور، لەتیفە جەباریی، موژدە عەزیزی و سکالا حەکیم زادە، ئەندامانی کۆمیتە و جێگر لەو کۆمیتەیە بوون. خاتوو نیشتیمان عەزیزی ماوەیەک بەرپرسی کۆمیتەی ڤێستروسی حدک و ئێستا ئەندامی بەشی پێوندەییە ئێرانی و کوردستانییەکانی حدکا، لە دەرەوەی وڵاتە کە خاتوونەکان، جەمیلە حەسەنخاڵی، بەهار حوسێنی و مونیرە نیگەهداریش تێیدا ئەندامن.
پێویستە ئاماژە بکەم کە لەنێو حیزبی دێموکرات دا، هەتا ئێستا زۆربەی ئەوکەسانەی بە رێبەریی هەڵبژێردراون، بریتین لە خاتوونەکان: فەوزییە قازی، شەهیدان نەسرین حداد و سوهیلا قادری، خەدیجە مەحزوور، دکتور کوێستان گادانی، گوڵاڵە شەرفکەندی، دکتور ئارەزوو نەستانی، ناهید حوسێنی، شەهین مەحموودیان، ئیلهام چایچی، گەلاوێژ پەیرەوان، فاتمە عوسمانی، شەونم هەمزەیی، موژگان عەلیپوور. و...
لەو بوارە دا، ئەو بچوونە باشەی خاتوو شەونم هەمزەیی کە لە وتاریی «ژنان و خۆ دیتنەوە لە رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا» نووسیویەتی دەکەمە دواین پاراگرافی دیمانە کە دەنووسێ: «
لە دوای کۆنگرەی چواردەی حیزبی دێموکراتەوە لە بەڵگەنامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی ژنان لە ئۆرگانەکانی رێبەریدا گرینگی و بایەخی تایبەتیی پێدراوە. بە کردەوەش کارهاسانی کراوە بۆ ئەوەی ژنان و لاوان بێنە نێو رێبەریی حیزب و لە بەرێوەبردنی کاروباری حیزبیدا دیار و بەشدار بن. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی خەبات و پێگەی دیاری ژنان لە بزووتنەوەی مافخوازیدا، بێگومان ئەوەندە حزوورەی ژنان لە رێبەری و پۆستەکانی حیزبدا زۆر نییە و حیزبی ئێمە ئەرکێکی زۆرتری لەو پێوەندییەدا دەکەوێتە ئەستۆ. ئێمە نابێ ئەم کەمایەسییە بەوە پاساو بدەینەوە کە ژنان لەنێو ریزەکانی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبدا کەمترن، هەر بۆیە سروشتییە کە لە ئۆرگانەکانی بەرێوەبەرییشدا کەمتر بن؛ بەڵکوو ئێمە دەبێ بەدوای ئەوەدا بگەرێین کە بۆچی ژنان کەمتر لە پیاوان روو دەکەنە حیزب و، دەبێ چ بکەین بۆ ئەوەی ژنان پتر لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا خۆیان ببیننەوە و لە رەدە و ئاستە جۆراوجۆرەکانیدا دیار بن؟
ئێستا کە نیزیکەی دوو ساڵە دێموکراتەکان بەخۆشییەوە یەکیان گرتۆتەوە و لە ژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا، خەبات دەکەین و ئێمە لە قوناغی دوای «ژن ژیان ئازادی» دا خەبات دەکەین، چاوەروانیی ئەوەی لێدەکرێ کە بە هەست بە بەرسایەتیی پتر لە بواری رەخساندنی دەرفەت بۆ کچان و ژنان، لە بەرێوەبەریی لە ئاستی سەرووی حیزب و هەموو ئۆرگانەکان لە کوردستان و تاراوگە دا، خوێندنەوەی نوێیان بۆ بکرێ و بە یارمەتیی هەموو لایەک بەستێنەکانی جێگە و پێگەی ژنان بەهێزتر بکرێ.
سپاسی دووبارە بۆ گۆڤاریی ژنان، بۆ پێکهێنانی ئەو دیمانەیە.

**سەرچاوەکان**
*** کورتە مێژووی جووڵانەوەکانی نەتەوەیی کورد، دکتور سادق شەرفکەندی.**
*** شهرزاد مجاب، زنان و ناسیونالسیم در جمهوری کوردستان سال ١٩٤٦، مقدمه، ترجمه احمه اسکندری.**
*** پیری دێموکرات، جەلیل گادانی ١٣٢١– ١٣٩٩، ل ١١٤، دکتور ئیسماعیل بازیار.**
*** ژنان و خۆدیتنەوە لە رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، ٢٢– ١١– ٢٠١٩، شەونم هەمزەیی، ماڵپەری پێشووی کوردستان و کورد.**

**کاک حوسەن حاتەمی سپاس بۆ وڵامدانەوەی دیمانەی ئەمجارەیٔ گۆڤارەکەمان**

سپاس بۆ ئێوەش

# باخچەیەکی ڕەنگینی کولتووری ژنان ( ژن ژیانە)



ڕێبوار دوونان

پێشەکی پێویستە مەسەلەی (نێوی دووەم) کە دەستە واژەیەکی هەڵەیە و ڕاستی بکەمەوە خۆی دەبێ بگوترێ مێیینە ، ژنان ، ئافرەتان و کچان. لە ڕاستیدا نێوی یەکەم گونجاوترە لەبەر ئەوەیکە مێیینە یا دایک واتە " زەوی ، خاک ، نیشتمان " سەرچاوەی پەیدا بوونی ئینسانە بۆیەش لە سەرەتاوە گوتراوە دایک سالاری ، لەبەر ئەوەی نەزانراوە باوک کێیە ، چونکە تاکە ژنێک زیاتر لە نێرینەیەک چووەتە لای هەر چەند بە لێ هەستاندنەوەی پێناسە یان زاراوەی دایک سالاری گەورەترین کودەتا لە مێژوو لە سەر مێیینە (ژنان) کراوە بۆیە لە سەردەمی باوک سالارییەوە کوشتنی مێینە بە شێوە و شێوازێکی دڕندانە تا ئەمڕۆکە سەدەی بیست و یەکەمە بەردەوامە و دۆزی هەرە ڕەوای ژنان بە تەواوی و بە تایبەتی لە وڵاتانی وەکوو ئێمە کە نیمچە پێشکەوتووە چارەسەر نەکراوە. دیارە زاراوەی "کۆمەڵ" کە دێتە پێشەوە واتە تێگڕای جەمسەرەکانی خودی ژیان بە واتایەکی وردتر لەو کاتەی مرۆڤایەتی لە پڕۆسەیەکی زێدە گەورە و قووڵ و ئاڵۆز و هەستیاری هەمە لایەنی زێدە درێژخایەنی مێژووی درووست بووە. بە کورتی لە بەرەبەیانی مێژووەکەی لە هەرە گەورەترین کێشەکان لە نێوان هەر دووجەمسەرەکەی ژیان(نێر و مێ یان مێ و نێر) سەری هەڵداوە و پاش هەزاران ساڵ بە دەیان قۆناغی هەمەجۆر بە میلیۆن ها قوربانی ، بە پانتایی دەریاکان فرمێسک و خوێن ڕژاوە و بەردەوامیشە. هاوکات لەو مێژووە هەرە دووردرێژەدا لە گەڵ ئەو گەورە کودەتایانەی کە لە ژیانی مرۆڤایەتی بە تایبەتی لە سەدەی ١٩ و سەدەی ٢٠ و دواتر ڕوویان داوە ئەو جارەش لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان و بە کوردستانیشەوە بگرە لە ژێر باری زێدە قورسی عەقڵی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی ، عەقڵی دژ بە خودی مافی مرۆڤ ، عەقڵی ژەنگاوی نا یەکسانی . عەقڵی نامرۆڤپەروەری و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی دەناڵێنن و هەڵبەت تا ماوەیەکی دووریش بەردەوام دەبێت.بەڵام گرینگ ئەوەیە لە بەر ڕوشنایی پڕۆژە و پلانێکی ستراتیژی هەمەلایەنەی دوورمەودای شارستانی لە ڕوانگەی بوونی چەمکی مافی مرۆڤەوە کاری بۆ بکرێ و مەسەلەکە هەردەم لە ڕیزی هەرە پیشەوەی خەباتی تێکڕای دام و دەزگاکانی کۆمەڵایەتی ، کولتووری، ئاکادێمی ، ئابووری ، سیاسی و نەتەوەیی بێت. شایەنی باسە هەرچەند کاری باش کراوە و پانتایی خەباتی کۆمەڵایەتی بەربڵاو بووە و کێشەی ئافرەتان وروژێندراوە بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هێشتا لە سەرەتا دایە لەبەر ئەوەیکە کێشە سەرەکییەکەی لە نەگۆڕانی عەقڵی کۆمەڵایەتی ، عەقڵی خێڵەکی و عەشایریی و ئایینی دایە. بە واتایەکی دیکە درووست بوونی عەقڵی یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە گەڵاڵەنەبوونی چەمکی گەورەی خودی مرۆڤ پەیوەستە. بە کورتی لە بەر ڕۆشنایی ژن – ژیانە زەنگی پەیامی شارستانی ، نەتەوەیی خۆی لە دەرگای داخراوی عەقڵی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی دەدات.

لەیلا قاسم یەکەم کچە کوردە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە ساڵی ١٩٧٤ وەکوو کچە شۆڕشگێڕێک لە ناو نەتەوەیەکی بندەست لە سێدارە بدرێ. واتە لەیلا قاسم کچێکی نەتەوەپەروەری شۆڕشگێڕ دەژمێردرێ و هەمووکات ناوی لە نێو دڵی نەتەوەی کورد و بە گشتی مرۆڤایەتی دا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

دوو ئافرەت یەکیان لە کوردستانی باکوور ئەویتریان لە کوردستانی باشوور بیر و فکری خوێنەر ڕادەکێشێ بۆ هیوایەکی ( ڕابردوو-ئێستا و داهاتوو)مان ئەویش بۆ یەکگرتوویی پارچەکانی کوردستان. دوو هەڵوێست لە لایەن دوو ژن کە مانای ژیان دەگەیەنێ. لەیلا قاسم گیانی خۆی بەخشی بە نیشتمانەکەی ، لەیلا زانا تا ئێستا لە خەبات بە دژی دوژمنان بەردەوامە و تەنانەت زیندان نەیتوانی ئەم شێرە ژنە لە زیندان دابِبڕێنێ. هەڵوێستێک کە لە ئاستی ژیری و زیرەکی و توانا و لێهاتوویی کەسایەتییان دیاری دەکات ، هەڵوێستەکانیان ڕەوتی گۆڕانکاری هێنایە گۆڕێ و کاریگەری لە سەر عەقڵییەتی زوڵم و ستەمی دوژمنان بە دژی گەلی کورد هەبوو.

زۆرن ئەوانەی دەژین و دەمرن بەڵام کەمیان ناویان لە لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار دەکرێت ئەوانەی ناویان دەچێتە ناو مێژووەوە ئەوانەن کە لە کۆمەڵگادا بە ئەرێنی یا نەرێنی گۆڕانکاری پێک دێنن. ئەوانەی گۆڕانکاری (سلبی) دەکەن بۆخۆیان ژیاون و هەر لە بیری خۆیان دا بوون و کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر و هەڵوەشاندنەوە و ستەم و ستەمکاری دەبەن و دەبنە کارگێڕی بەها نزمەکان و دژ بە بەها باڵاکان و مافەکانی مرۆڤ دەوەستن. ئەوانە خۆیان نموونەی ئەنجام دانی بەها نزمەکانن. ئیتر کەسەکان دەچنە کۆی دیکتاتۆڕ و زاڵم و کەسە بێزراو و نەفرەت لێکراوەکانی مێژوو و بۆ پەند و عیبرەت باسیان دەکرێ. ئەوانەش کە گۆڕانکاری (ئیجابی) دەکەن و هەموو ژیانیان تەرخان کردووە لە پێناوی پرسە زیندووەکاندا کۆمەڵگا بەرەو بەختەوەری و کامەرانی و ئاسوودەیی دەبەن و کار لە سەر بەها باڵاکان دەکەن و دژ بە بەها نزمەکان دەوەستن و وتە و کردار و ئەخلاقیان دەبێتە نموونەیەکی جوان و سەرمەشق و چاولێکردن لە هەمان کاتدا کاتێ دەمرن گەرچی لەبەر چاو نامێنن بەڵام لە ناو دڵە بە ئینسافەکاندا هەر زیندوون و نەمرن لە مێژوودا و ناویان بە زێڕ و زێو تۆمار دەکرێت و دەبنە نوخبەکانی

کۆمەڵگا و نەتەوەکەیان و تەنانەت دەبنە نموونەی مرۆڤایەتی و وێنەی ئەمانەش لە نێو ئافرەتی کورد ڕەگی داکوتاوە کە بەرچاوترینیان لەیلا قاسم و لەیلا زانایە.

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەکەمان هەڵدەینەوە زۆر بە جوانی و بە دروستی خەباتی پڕ لە شانازی ئافرەتانی گەلەکەمان بۆ دەردەکەوێ کە تا چ ڕادەیەک خەبات و تێکۆشانیان بووە و ژیرانە بۆ گەشەسەندنی ڕۆشنبیری وڵات گیان فیداییان کردووە. ئەگەر چەند نموونەیەک لەو شێرە ژنانە باس بکەین بەم چەشنەیە:

خاتوو شانازی قارەمان :

کچە کوردێکی قارەمان و ئازا و جەنگاوەر کچی مەولانا یەعقووبی ئەردەڵانییە سەرلەشکری سپای کچانی ئەردەڵان بوو کاتی هێرشی سەفەوییەکان لە ئێران بۆ سەر سنووری فەرمانڕەوایەتی ئەردەڵان ئەم خاتوونە هەڵوێستێکی جوامێرانە و ئازایانەی بووە ئەمیش ئەوە بوو کە بانگەوازی کچانی ئەردەڵانی کرد بۆ جەنگ (٥٠٠) کچ ئامادە دەبن چەک هەڵگرن و لە ژێر فەرماندەیی خاتوو شانازدا کۆدەبنەوە بۆ پاڵپشتی لەشکری ئەردەڵان ئەم لەشکرە بەسەرکردایەتی خاتوو شاناز هێرش دەکەنە سەر لەشکری سەفەوییەکان و سەرکردەی لەشکر"کەلب عەلی خان" دەکوژن و لەشکرەکەش تێک دەشکێنن و پاشەکشەیان پێدەکەن و بەم شێوەیە ئەردەڵانییەکان سەرکەوتن بە دەست دێنن.

قەدەم خێری فەیلی:

یەکەم کەس بوو لەو ئافرەتە کۆڵنەدەرانەی کە شۆڕشی "پشتکۆی" هەڵگیرساند لە دژی شای ئێران کە پیشەی چەوساندنەوە و دەربەدەر کردنی نەتەوەی کورد بووە ، لە کوردستان قەدەم خێر مەردانە جەنگاوە و خەباتی کردووە لە پێناوی گوێی بۆ دوژمنەکانی شل نەکردووە و هەمووکات وەک شێر سینگی دەبردە پێشەوە و وەکوو هەموو ئافرەتێکی کورد، تا ئەوەیکە جارێکیان ڕەزاشای ئێران بۆ مەرەمی خۆی ویستی بیهێنێ و ناردی بۆ خوازبێنی، بەڵام وەڵامی قەدەم خێری تێکۆشەر ئەوە بوو من ژن نیم تۆ ژنیت.

قەدەم خێری بە جەرگ پێنج ساڵ قارەمانانە بە بێ باک بەرامبەر لەشکری ڕەزاشا شەڕی کرد بەڵام لە دواییدا ڕەزاشا کە چاری نەما کەوتە شوێن دۆزینەوەی پیلانێک ئەویش ئەوە بوو



نامەیەکی لێخۆش بوون(عەفووی) نارد بۆ خۆیی و شۆڕشگێرانی بە سووڕەتی قورئانەوە ئەوانیش بڕوایان پێکرد و بەم فێڵە ڕەزاشا توانی بیانگرێ و لە ناویان ببات.

حەپسە خانی نەقیب:

ئافرەتێکی تێگەیشتوو و تێکۆشەری کوردە ، ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە لە مێژووی میللەتی کورد دا پەناگای ئافرەتان بووە و وەکوو دایکێکی دڵسۆز هەوڵی بۆ داون و یارمەتی ژنانی کوردی داوە. بە کورتی ژیانی پڕ بووە لە هەڵوێستی جوان بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٣٠ دا نامەیەکی کراوەی مافی نەتەوایەتی کورد ناردووە بۆ کۆمەڵی نەتەوەکانی (عصبةالام) هەروەها توانی قوتانخانەیەک بۆ ئافرەتانی کورد لە ساڵی ١٩٢٦ دا بکاتەوە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لە سلێمانی بۆ ئەم مەبەستەش خانووەکەی خۆی بەخشی تا بکرێت بە قوتابخانە. یەکێکی دیکە لە کارە زێڕینەکانی یارمەتی کۆماری کوردستانی داوە و لەبەر ئەم هەڵوێستەش پێشەوا قازی مەحەممەد نامەیەکی سپاسگوزاری بۆ ناردووە.

لە هەموو ڕۆژێکدا خەمێکی نوێ لە دایک دەبێت و مەسەلەیەک لە بار دەچێت ، چەندها کەس دەکوژرێن و بریندارەکانیش دەمرن. کەچی لەو ڕێگایەدا بە سەدان شێرەژن هەڵدەکەوێت ڕێگەیان بۆخۆیان هەڵبژاردووە کە بە درک و داڵ چنراوە بە خوێن ڕەنگ کراوە ، بە لاشە ڕێگاکە ڕاخراوە و بە بەڵام دەورە دراوە ، چەند پاڵەوانێک کە مەبەستێکی مەزنیان هەیە بەرەو ئەوێ دەڕۆن و ورەیان زۆر بەرزە و مەبەستەکەیان زۆر بە نرخە کە ئەویش گیانفیدایی بۆ خاک و نیشتمانە و لە کۆتاییدا مەبەستم تەواوی ئازادی ژنان پەیامی ڕاستەقینەی تێکرای کۆمەڵ بێت.

# پێگەی ژن لە سۆفیگەری و عیرفاندا

لە نووسینی: ف.پ- ڕێباز

یەکەم: زمانی مرۆڤ لە ئاست عەقڵ و تێگەیشتندا لاوازە، واتە زمان تەنیا توانستی دەربڕین و پێناسەی ئەو دیاردانەی هەیە کە لە جیهانی مادده و ماتریاڵی دەوروبەردا دەیبینین و لە لایەن نەوەکانی ڕابردووە بۆ ئێمە پێناسە و ناودێر کراوە. ئیتر مرۆڤ کاتێ دیاردەیەکی نوێی دیکە ئەبینێ لە ناوهێنان و ڕاڤەکردنیدا زمانی کۆڵ ئەبێ و دائەمێنێ. جا بابەتی عیرفان کە پێوەندی بە ئەودیوی دنیا و دیاردەکانەوە هەیە و هەزاران بەرابەر بەم دنیا ئاڵۆز و جەنجاڵ و ڕەنگاوڕەنگە، ئیتر زمانی مرۆڤ بەوگەدایی و هەژارییەوە کە لە بواری وشە و زاراوەدا هەیەتی، کەی ئەتوانێ تاوتوێ و ڕاڤەی ئەو دیمەنانە بکات. کاتێ زمانی مرۆڤ لە ئاست دەربڕینەکانی دنیای عیرفاندا لاواز و هەژارە و لەوەش گرنگتر بەشێک لە بینینەکان لەلایەن عارفانەوە دەبێ شاراوە و نهێنی بێ، ئیتر زمانی دەربڕینی مرۆڤ بە شێوەی خۆڕسک بەلای پێدا هەڵگوتنی مەجازی و دنیاییدا ئەشکێتەوە کە لە نێوان دوو ڕەگەزی نێر و مێدا لە جیهانی واقیعدا ڕوو ئەدات: واتە بە زمانی عەشق و ئەوینی مەجازی و دنیایی بەشێک لە حەقیقەتی دنیای عیرفان دەهێننە بەر باس و شرۆڤە.

دووهەم: خودا خاوەن بەخشەندەیی، نیعمەت و نازە و ئێمەی مرۆڤیش خاوەن کەمایەسی و نیازین. ئەو دیاردە لە ئاستی دنیای نێر و مێدا هەر بەو جۆرەیە. واتە ژن خاوەن نازە و پیاویش خاوەن نیاز.

آنک از نازش دل و جان خون بود        چونک آید در نیاز او چون بود

مەولانا

کاتێ وێکچوونەکانی (تشابە) «مرۆڤ و خودا «و «مرۆڤ و مرۆڤ» بەوجۆرەیە و زمانیش لە دەربڕیندا کەمایەسی هەیە، ئیتر شاعێر و عارفەکانیش مەجبوورن لە چوارچێوەی دەربڕینی عەشقی مەجازیدا، عەشقی حەقیقی و خوداپەرەستی دەرببڕن و بشارنەوە. بە پێچەوانەی ئەدیانە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژهەڵاتییەکان کە خودا لە ڕواڵەتی ژندا پێناسە ئەکەن و باری ڕەگەزایەتی نێر و مێی پێ ئەبەخشن، لە عیرفانی ئیسلامیدا بابەتەکە جیاوازە. بەشێک لە سیفاتە جوانەکانی خودا لە جوانییەکانی سەر زەویدا شاراوەتەوە. بۆ نموونە، گوڵ تەنیا دو تایبەتمەندیی جوانی تێدایە، یا بۆنی خۆشە یارواڵەتی ڕەنگینە، تاوسی ڕەنگین چەن جوانییەکی تێدایە بەڵام لە مرۆڤدا بەتایبەت ژن زۆرترین جوانیی خۆی حەشار داوە کە هەر یەک لەو جوانییانە تیشکدانەوەی جوانی و سیفاتەکانی حەزرەتی حەقە. جەماڵ و کەماڵ لە ژندا لە تەشقی خۆیدایە. لێرەدا بەو ئاکامە دەگەین کە زمانی دەربڕین، پێداهەڵگوتن و خۆشەویستی (بیهەوێ و نەیهەوێ) بە لای باری مەجازیدا ئەشکێتەوە. دیسانەوە بۆمان ئەسەلمێ کە ئیبن عەرەبی بەو ڕازە گەورە و تایبەتمەندییانەی دەروونیی ژنی زانیوە بەڵام لە دەربڕیندا دوچاری کەمایەسی بۆتەوە، هەر بۆیە ئیستە لە شرۆڤەکردنی بۆچوونەکانی ئەو ڕۆشنبیرەی تەسەوفدا چەندین خوێندنەوەی جیاواز و دژبەیەک لە ئارادایە. لە کتێب و زۆربەی سەرچاوە کۆنەکاندا ئەو کەمایەسییە زمانییە هەیە بۆیە ڕاڤەکانی تووشی سەرلێشێوان کردۆتەوە. زوڵف و ئەگریجە لە ڕوانگە و شێعری عارفاندا چەندین باری مانایی دەگۆڕێ؛ وەکوو زوڵفی ڕەش بە تاریکی شەو، تاڵی قژ بە کەمەند، پەلکە بە ڕەش مار، قژ بە خەیاتە و کاکۆڵ، پەریشانی زوڵف بە پەرێشانی دڵ و ،،،. هەربۆیە شاعێران توانایی مانۆڕدانیان لە بواری مەجازیدا زیاترە.

ئیبنوعەرەبی: محیالدین عەرەبی وەک زانایەکی بواری عیرفان سەبارەت بە پلە و پێگەی ژن لە عیرفاندا بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە و بە پشتبەستن بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر(دخ ) کە لە دنیادا( ژن، بۆنی خۆش و نوێژ)ی بە خۆشەویسترین دەزانێ، شرۆڤەیەکی بەربڵاوی هێناوەتە ئاراوە. ناوبراو پێی وایە بەرزیی پلەی ژن لە لای پێغەمبەر، پێوەندی بە ئەمری خوداوە هەیە و ئەو حەدیسە لە ڕاستیدا تیشکدانەوەی ڕوانین و بۆچوونی خودایە سەبارەت بە شکۆ (جلال) و جوانی (جمال) ژن. ناوبراو دەڵێ «لە تێپەڕاندنی پلەی عیرفانیدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان ژن و پیاودا نییە، بەڵکو ژنان خاوەن سیفاتێکی دیکەن کە بەدیهێنەرە (خالق)، بەڵام پیاوان ئەوەیان نییە» (نقشهای زنانە در اندیشە بودایی و ابن عربی.ویکی پدیا). ئەو بۆچوونەی ئیبنو عەرەبی باسی لێکچوونی خولقێنەری خوداوەند و ژن ئەکات، ئەگینا هەموومان بە پیاو و ژنەوە مەخلووقی خوداین. ئەو زانایە ڕازی خۆشەویستیی ژن لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (د.خ) ئەبینێ کە «زاتی پەروەردگار گەورەتر لەوەیە کە ڕاستەوخۆ خۆی نیشانی بەندەکانی بدات هەر بۆیە هەر دیمەن و ڕواڵەتێک کە هەڵگری سیفاتی زیاتری ئیلاهی بێ باشتر خوداوەند وێنا ئەکات و لەو بوارەشدا ژنان خاوەن تایبەتمەندیی زیاتر لە پیاوانن، هەر بۆیە جوانییەکانی خودا زیاتر لە خۆیدا وێنا کردووە» (زن در آیینە جلال و جمال، ص ٢٣٧).

**پرتو حق است آن معشوق نیست**
**خالقست آن گوئیا مخلوق نیست**

مەولانا

هەڵسەنگاندنی پێگەی ژن لە نێو بازنەی ئایین، مەزهەب و تەریقەتەکاندا پێویستی بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی و بەربڵاو هەیە. هەر لە سەرەتای دەسپێکی ژیانەوە، مرۆڤ لەگەڵ ئاییندا ژیاوە و ئاین و مەزهەب هەموو ڕێڕەو و ئاکارەکانی ژیانی دیاری کردووە. بە درێژایی مێژوو، دینەکان ئاڵوگۆڕیی بەربڵاویان بە خۆوە بینیوە. هندێک لە ئایینەکان بەتەواوی فەوتاون و ئاسەواریان نەماوە. هندێکی دیکە بە لاڕێدا چوون و یا ئەوەیکە لە ئایینە تازەکاندا تواونەتەوە. لەو پرۆسە زەمەنییەدا ژنان لە چوارچێوەی دیندا وەک پیاوان بەشدار بوون و دەستووراتەکانیان جێبەجێ کردووە. ئەوەیکە گرنگە ئەوەیە کە ڕۆڵی ژنان لە ڕەوتە دوور و درێژە پڕ لە هەوراز و نشێو و دیار و نادیارەکاندا، سەبارەت بە ئایینەکان بەزۆری لە بەشی پراکتیک و کردەییدا بووە هەتا بەشی شەریعەت و بیرۆکە. بابەتەکانی ئایین، مەزهەب، تەریقەتەکان و عیرفان هەرچەن دەبێ بە جیا شرۆڤەیان بۆ بکرێ، بەڵام بە هۆی ئەوەیکە "عیرفان و ئەدیان لە خاڵێکدا لێک نزیک دەبنەوە و پەیوەستی یەک ئەبن و هەردوو چاویان لەو دیوی ڕووناکیی دنیایی واتە دنیای بێ بڕانەوە و هەمیشەیی بڕیوە." (عرفان و فلسفە، ٣٥٧). ئیتر شرۆڤەکان بە یەک ئاقاردا ئەچن، بەڵام

بە هۆکاری زەمەنی و هەڵکەوت و هۆکاری مرۆییەوە، پێگەی ژنان لە پیاوان جیاوازترە. هاتنی کتێبە ئایینییەکان کە سەد و چوار کتێبن و هەر هەمووی بۆ پیاوان هاتوون و ژنان لەو نێوەدا وەک مورسەل (نێردراو) ناویان نییە، بەڵام لە ئەدیانی دیکەدا بێجگە لە ئیسلام ناوی ژنان وەک نەبی لە ئارادایە. ڕەخنەی فمنیستەکان لە دین ئەوەیە گوایە دین پیاوسالارە و لە ڕوانگەی پیاوانەوە هەموو ئەحکام و دەستووراتەکان داڕێژراوە. لە ڕستەیەکی کورتدا بۆ وڵامی ئەو وتە دەبێ بڵێین کە هەموو دین، فەلسەفە و بیرۆکەکان لە ڕابردوودا پیاو ڕەهەند بووە و بەڕاستی ئەو دیاردە زۆر ئاسایی بووە. لە ڕابردو و تەنانەت هەتا پەنجا ساڵ لەوەپێش ،کاتێک بۆ ژنان کەرەسەی بەرگری لە منداڵ بینین نەبووە و ژن هەموو ساڵێک منداڵێکی بووە، ئیتر بە تەنیا پەرژاوەتە سەر ئەوە کە منداڵ بەخێو بکا نەک ئەوەیکە بە شوێن بابەتی هزری و فکرییەوە بێ. هەر ژنێک لە مێژوودا دەرکەوتبێ، بێگومان مێردی نەکردووە یا ئەوەیکە نەزۆک بووە و یان لە قۆناخی پیری و کەم حەزیدا دەرەتانی بۆ خۆدەرخستن هەبووە. ڕابێعەی عەدەوی بۆ هەمیشە ژیانی هاوبەشی پێک نەهێنا و پێی وابوو کە "لەشێکی نییە هەتا مێرد بکا و ئەوەش کە هەیە هی ئەوە (خودا)" (فەرهەنگی هانی، زاراوە و بیرۆکە فمنیستییەکان، ص ٦٢). ڕابیعە بێگومان عوزر و بیانووی شەرعی هەبووە چونکا لە دینی ئیسلامدا ژن و پیاو بە پێکهێنانی هاوسەرگیری، ئەو نیوەکەی ئیمانیان تەواو و کامڵ دەبێ.

ڕاستە هەموو دینەکان پیاوسالارن، بەڵام لێرەدا بە شێوازێک لە شێوازەکان باسی چاکسازی و ڕیفۆرم دێتە ئاراوە کە لە قەوارەی دینەکاندا پێکهاتووە و بەو هۆیەوە سەدە بۆ سەدە و دین بۆ دین چاکسازی لە بارودۆخی ژناندا کراوە. بارودۆخی کۆمەڵایەتی، جوغرافیایی، سایکۆلۆژی و ... هتدی کۆمەڵگاکان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر دۆخی ژنان هەبووە. بێجگە لە ئاڵوگۆڕیی دینەکان، مەزهەبەکان و فیرقەکان شرۆڤەی جیاوازییان لە چوارچێوەی ئایندا درووستکردووە و بە جۆرێک چەن ناوەندێتییان بۆ کێبەرکێی تەندرووست لە نێو دیندا پێکهێناوە. مەزهەبەکان سەبارەت بە ژنان گۆڕانکاری و دەستێوەردانیان لە ئەحکام و دەستووراتەکانی تایبەت بە ژنان نەکردووە. جێگە و پێگەی ژنان لە ئەدیان و تەریقەتەکاندا پێکەوە جیاوازییان هەیە. ئەڵبەت ئەو دیاردە لە دینێکەوە بۆ دینێکی دیکەوە جیاوازە. لەو وتارەدا هەوڵ ئەدرێ بەکورتی لە ڕوانگەی دینە زیندووەکانەوە بابەتی تەسەوف و عیرفانی ژنانە بخەینە بەر شرۆڤە و هەروەها خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ژنان لەو بوارەدا تاوتوێ بکرێ.

سۆفیگەریی ژنانە لە ئەدیانی ڕۆژهەڵاتیدا: ئایینەکانی ڕۆژهەڵات لە بنەماڵەیەکی گەورەن و بەزۆری لە یەکتاپەرەستییەوە دابەزیون بۆ چەن خودایی و بوت پەرەستی. لە ڕاستیدا سەنەم پەرەستی چەواشەبووی هەمان خوداپەرەستییە. کاتێک بابەتی پەرەستن لە ئارادا بێ، یانێ ئەوەیکە مرۆڤ ئیرادەی خۆی بە بەرامبەرەکەی (خودا) دەسپێرێ و هێزی لێ وەردەگرێ. سەرهەڵدانی ئایینەکان هۆکارێک بوون بۆ "نیشاندان و دەرخستنی هێزی دەروونیی مرۆڤ" (تاریخ جامع ادیان، ص ٥). ڕەگەزایەتی بوونی ئایینەکان پێوەندی بە باری جیسمی و فیزیۆلۆژیی ژنانەوە هەیە نەک زاتی دینەکە. کاتێک دەستوور و بەرنامەیەکی دینی هاتووە، ئەوا بۆ هەمووان هاتووە نەک بۆ هۆزێ، نەتەوەیەک یان ڕەگەزێکی نێر و مێ.

ئایینی ئیسلام تەقوای (ان اکرمکم عند الله اتقاکم) (حجرات ١٣) بۆ جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان دیاری کردووە، نەک ڕەگەز و ڕەنگ و نەتەوە. بابەتێک کە سەبارەت بە ئەدیانی ڕۆژهەڵاتی گرنگە، ئەوەیە کە تەسەوف و عیرفانی کردەیی ئەوەندە بەرجەستە بۆتەوە کە بووە بە چەترێک بۆ شەریعەتی دینەکان. ئایینەکانی ڕۆژهەڵات وەک کونفوسیوس، دائو، بوودا، بەرەهەما و ... تایبەتمەندیی هاوبەشیان زۆرە و لێک نزیکن. ئەو ئایینگەلە بەزۆری لە تەسەوفدا خۆیان وێنا کردووە. تەسەوف ڕواڵەت و لایەنی ژنانەی دینە. ئەگەر ڕواڵەتی تەشریعی دینەکان قورس، زبر و پیاوسالارانەیە، لەو لاوە تەسەوف بەو جۆرە نییە هەر بۆیە ڕێژەی بەشداریی ژنان لەو تەریقەتەکاندا زیاترە هەتا خودی دینەکان."ئاناندا خزمەتکاری تایبەتی بودا ،لە بودا دەپرسێ کە ئایا ژنان وەک پیاوان توانستی ئەنجامدانی ڕیازەتی ڕۆحانیان هەیە؟ئەویش لە وڵامدا ئەڵێ بە قەبووڵکردنی هەشت یاسا و دەستوور، ژنانیش توانستی ژیانی ڕەهبانیان هەیە"(زن در ادیان بزرگ جهان ل ٣٧ ) .

شمنیزم و باوڕهێنان بە فتیش لە ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەرچاو و زۆرە. بە هۆی ئەوەیکە ئەشیا پەرەستی جێگای خواپەرەستی گرتۆتەوە، ئیتر دینەکان زرقە و برقەتر، بازاڕیتر و لە هەمووی گرینگتر ژنانەتر بوونەتەوە. هەڵاواردنی ڕەگەزی لە پەرەستگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا دەگمەنە، "بەڵام لە کاتی سووڕی مانگانە و دووگیانیدا، ژنان مافی چوونە نێو پەرەستگەیان نییە" (زن در ادیان بزرگ جهان، ص ٣١). ئەو بەربەستە لە هەموو دینەکاندا سەبارەت بە ژنان هاوبەشە. لە ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکاندا هەرچەن ڕیفۆرم و چاکسازیی دینی بەشێوەی هەمیشەیی و بەردەوامە، بەڵام سەبارەت بەو بابەتەی سووڕی مانگانەی ژنان دەستوورەکە نەگۆڕە. سۆفیگەری لە ئەدیانی ڕۆژهەڵاتیدا لە نێو ژناندا تایبەت بە بێوەژنان و ژنانێک کە دۆخی کەم حەزی (یائسگی) بەسەریاندا زاڵە،بەدی ئەکرێ و ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ڕێژەی تەمەن لە بابەتی ئاییندارێدا دەور دەبینێ. "ژنان هەتا بەر لە تەمەنی بێ حەزی (یائسگی) ناتوانن لە کرالا، باشووری هیندستان، ڕووباری سبرسی زیارەت بکەن. لە هەندێک ئایینی ئەفریقاییدا ژنان تەنیا لە دوای بێ حەزی (یائسگی) ئەتوانن ڕێبەرایەتی و ئیدارەی ڕێوڕەسمە مەزهەبییەکان بکەن" (زن در ادیان بزرگ جهان، ص ٢١).

هندێک لە ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکان سەبارەت بە کچان و ژنان دۆزەخ و جەهەنەمن. عیرفانی ژنانە لە ڕۆژهەڵاتدا بەڕاستی چەواشەترین تەقدیسی سەبارەت بە کچان و ژنانی گەنج درووست کردووە. ژنان و کچانی کەم تەمەن لە سەر ئیزن و بڕیاری بنەماڵەکان بۆ کەڵکی سێکسی پێشکەش پەرستگەکان دەکرێن و تەنانەت وەک سەرچاوەی داهات کەڵکیان لێ وەردەگرن. " لە هندێک لە ناوچەی هیندستان و ژاپۆندا هێشتا فەحشای پیرۆز بەردەوامە. (Devadasi) تایبەت بە هیندۆکانە، بنەماڵەی هەژارەکان کچەکانیان بۆ بەختەوەریی داهاتوویان پێشکەش و وەقفی خودایانی دەورەبەر ئەکەن و دەیاننێرنە پەرستگەکان و هەتا دواکات چارەنووسیان لە دەستی خودایانی پەرەستگەدایە." (زن و سکس در تاریخ صص ٢٤١-٢٤٠)

سادۆمازۆخیزم لە ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکاندا لە تەشقی خۆیدایە. بەشێک لە ژنان لە قەوارەی ئەو دینگەلەدا لە بابەتی سێکسی و هاوسەرگیری دوور ئەخرێنەوە و ژیانی ڕاهیبەیی دەکەنە پیشە و تەنانەت بێوەژنەکان وەک مرۆڤی قۆشە پێناسەیان بۆ ئەکرێ و مافی سەرلەنوێ مێردکردنەوەیان نییە یا ئەوەیکە لە پەرستگەکاندا بێجگە لە کەڵکی سێکسی، وەکوو سەرچاوەی داهاتیش بۆ پەرستگەکان کەڵکیان لێ وەردەگرن و تەنانەت لە کاتی هاتنی میوانە تایبەتەکاندا بۆ ڕەسمی میوانداری، دەخرێنە خزمەتی میوانەکان. لە دوای تێپەڕینی زەمەن ئەو کچانەی کەڵکی سێکسی و جوانییان نەما، ئیتر دەتوانن لەگەڵ کەسێکی دێهاتی و ... هاوسەرگیری بکەن.

**درێژەی ئەو بابەتە لە ژومارەکانی داهاتوودا بخوێننەوە**

# باسێک لە سەر کتێبی «برگی ڕزگاری» و پرسی ژنان، شۆڕشی ژینا و کوردایەتی لە کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم
## بەڕێوەبەری کۆڕ: خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندنی

**زۆر نین ئەو ژنانەی کە شوێنپەنجەیان لە کۆمەڵگەدا دیار بێ خاتوو شەهلا دەباغی یەکێک لەو ژنانەیە کە هەموو تەمەنی تێکۆشاوە تا یەکێک لەو ژنە شوێندانەرانە بێ و بە دەیان وتار و بابەتی لە ماڵپەڕ و نامیلکە و ڕۆژنامەی کوردیدا بڵاو بووەتەوە گۆڤاری «تیشک» یەکێک لەو گۆڤارانەیە کە خاتوو شەهلا تەنیا خاتوونی نووسەری ئەو گۆڤارەیە. کۆتا کاری ئەدەبی خاتوو شەهلا کتێبێکە بە ناوی «برگی ڕزگای» بوو کە لە وتووێژێکدا لەگەڵ خاتوو گوڵالە شەرەفکەندی باس لەو کتێبە و هۆکار و چۆنییەتی نووسینی کتیبەکەی دەکا. وتووێژەکە لە تۆڕی میدیایی یووتیووب بڵاو بووەتەوە و هاوکارانی «گۆڤاری ژنان» زەحمەتیان کێشاوە و ئەو دەنگەیان بە شێوازی نووسین بۆ گۆڤاری ژنان دابەزاندووە.**

**گوڵالە شەرەفکەندنی: سپاس بۆ بەشداربوونی هەمووتان و سپاس بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە و سپاس بۆ شەهلا کە دیسان هەموومانی لێک کۆ کردەوە. شەهلا دەباغی نووسەر، تیکۆشەر و تەنیا ئەندامی ژنی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری تیشک، قەڵەمێکی بوێر کە ساڵانێکە قەڵەمەکەی بۆتە چەکی بەرگریکردنی لە کورد و پرسی کورد و ژنی کورد. بێترس و دڵەڕاوکێ و خاکەڕایانە ڕاستییەکان لە ئاوێنەی گێڕاوەکانیدا و لەڕوانگە تایبەتەکەی خۆیەوە دەخاتە سەر کاغەز و سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەکێشێ. شەهلا ماجستێری لە زانستیی ئەدەبی بە گۆشەنیگای جێندەری هەیە. تەواوی نووسینەکانیشی بە کراوەیی و بەبێ سانسوور دەردەبڕێ لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆر لە خاوەن خامەکان هەستەکانی خۆیان دەشارنەوە بەڵام شەهلا بێپەردە و زۆر ڕووت باسی هەستەکانی خۆی لە نووسینەکانیدا دەکات. وایە شەهلا؟**

شەهلا : زۆر سپاس و پێزانین بۆ ئەم دەرفەتە و سپاسی تایبەتتر بۆ گۆڵاڵە کە من هەودای ئەم گفتگۆیەم بێدوودڵی پێ ئەسپاردوە و زۆر سپاس بۆ کتێبخانەی کوردی و هەروەها بۆ یەکییەتی ژنان بۆ ئەم دەرفەتە. دەمەوێ قسەکانم لەسەر کتێبەکەم بە شعێرێک دەست پێبکەم کە خاتوونێک لەناوخۆی وڵات دوای شەهیدبوونی شەهید شەماڵ یەکێک لە گیانبەختکردووانی شۆڕشی ژینا نووسی، دەست پێبکەم. ئەگەر وەبیرتان بێ ڤیدیۆیەک لەسەر شەهید شەماڵ بڵاوببووە کە گۆرانی "نازیلێ" دەڵێتەوە.

«شەماڵێک هەڵیکردوە
بەم نیشتمانەدا نازیلێ
بەم درەنگ وەختە ماچ دەسترێ
وەک ئەوەی نیوەشەو دوایین درەفەتی
ڕزگاری بێت»

بەرگی کتێبەکە هەر شەقامێکی شاری مهابادە کە دکتور ئازادی حوسێنپوور لەوێ شەهیدکرا. بەداخەوە زۆر هەوڵی دۆزینەوەی وێنەگرەکەشم دا بەڵام نەماندۆزییەوە. پێداگریم کرد کە هەمان وێنە بۆ بەرگی پەرتووکەکەم بەکاربێنم تا ئەوە کە تەرحێکمان لە ڕووی وێنەکە لێدا و دوای چەند جار هێنان و بردن بۆ بەم ڕووبەرگە.

بۆ پرسیارەکەت: لە جیهانی مودێرندا لە بنەڕەتدا کاتێک مۆدێرنیتە دێت، خۆی چونکە زیاتر لەگەڵ شاردا گرێدراوە، بۆ نمونە تیۆرییە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکان زیاتر پەیوەندییان بە شارەوە هەیە، بۆ وێنە ئەگەر ڕەخنەگرانە تەماشای جیهانی ئەکادیمی بکەیت، بووتە شوێنی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵات، بۆ نموونە عەرەبستان، ئێران و هتد پارەیەکی زۆر بەکاردێنن بۆ ئەوەی بتوانن جیهانی ئەکادیمی کۆنترۆڵ بکەن. مۆدێرنیتە هەمیشە ئەم دژایەتییە، ئەو دووبەرەکییەی هەبوو کە تۆ دەبێ لەلایەک مرۆڤێکی مودێرن بی و لە لایەکی تر دەبێ هەستەکانت کۆنترۆڵ بکەی و ببی بە مرۆڤێکی شاری. لەم نێوانەدا کۆمەڵێک لە هەستەکانی مرۆڤ گۆڕانکاریان بەسەردا هێنرا، بۆیە لە ڕاستیدا کاتێ من تەماشای ژیان دەکەم، دەبینم کە ژیان هەمیشە شتەکانی کاتین، خۆشی و ناخۆشییەکان کاتین، سامان کاتیە، هەژاری کاتیە هەرچەند لە ڕاستیدا ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وانییە. بۆ نموونە جاران دەکرا تاکێک لە چینی هەژارەوە خۆی پێبگەینێت، بەڵام ئێستا بەداخەوە بەپێی دوایین توێژینەوەکان، ئەم هەڵکشانی چینایەتیە کەمتر ڕوودەدا و تاکەکانی چینی سەرەوە زیاتر دەتوانن درێژە بە خوێندنیان بدەن تا ئاستی دکتۆرا و منداڵەکانیشیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی داهاتوو دەتوانن باشتر بخوێنن.

بەڵام من لەم جیهانە مودێرنەدا هەوڵمداوە کە بۆخۆم بم. چونکە فەلسفەی ژیانم بەو شێوەیە کە شتەکان بە کاتی دەبینم. لە ڕاستیدا ژیانیش ئەو بایەخەی نییە کە ئەو ماسکەی لێبدەی، بۆیە بە واتایەک، هەوڵمداوە کە زۆر ماسکم نەبێ. ئەو بابەتەی باستان کرد کە لە نووسینەکاندا خۆم ڕووت دەکەمەوە، وایە، بۆ نموونە لە «شاتوو»دا زۆر شتم باس کردووە کە نەدبوایە باسیان بکەم.

**گوڵاڵە: جۆرێکە لە ڕەچکەشکێنی. لە جیهانێکدا کە هەموو شتەکان لە ڕواڵەتدا بێ کەموکورتی و پێرفێکت بن، و ئەتۆش بەو جۆرەی کە هەیە باسیان بکەی بەبێ ترس لە دەرئەنجامەکەی.**

شەهلا: نازانم ڕەچکەشکێنییە یا نا؟ بە دڵنیاییەوە کەسانی تریش هەن کە بە جۆری دیکە ڕەچکەشکێنی دەکەن. زۆر ژنی بەورە و نەترسمان هەیە، بۆ وێنە لە شۆرشی ژینادا دیمان. بەڵام نووسین لە بنەڕەتدا خۆی لەژێر دەمامکەوە ناکرێت چوونکە سروشتی نووسین بەو شێوەیە کە لە نێوان دێرەکانیدا، چەندین بابەت دەدرکێندرێن کە ڕەنگە خودی نووسەریش ئاگاداریان نەبێت. بۆیە دواتر خەڵک بەپێی تێگەیشتنی خۆی و پاشخانی کەلتوری، سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی، لێکدانەوەی بۆ دەکات.

**گوڵاڵە: ئەمەیان جیاوازە، بۆ نموونە ئەتۆ کە دەقێکی ئەدەبی دەخوڵقێنی،**





**ڕەنگە ڕووتبوونەوە بەشێک بێت لە خولڤاندنی ئەو ژانرە، بەڵام لە ژانری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، لە ژانرەکانی دیکە جیاوازی ئەدەبیاتی نووسراو لە گەڵ ئەدەبیاتی زارەکی ئەوەیە کە تەنیا دێتە سەر زمان و لە کاتدا ڕەها دەکرێت و بۆت نییە هەڵەچنی بکەیت بەڵام لە ئەدەبیاتی نووسراودا بە شێوەیەک هەوڵدەدرێت دەستکاری بکرێت تاکو ڕواڵەتەکە پەسەندکراوی هەموو کەسێک بێت.**

**ئەو پەرتووکە کۆمەڵەوتارە. وتارەکان لە ساڵانی جیاجیادا نووسراون، لە ٢٠٠٣وە خەریکی نووسینی ئەم وتارانەی. شەهلا هەمیشە دەڵێت: من وتارەکانم ناگۆڕم. پرسیار ئەوەیە کە زۆرجار گۆڕان بەسەر بیروبۆچوونی مرۆڤدا دێت. ئەم کۆمەڵەوتارانە وڵامێکن بۆ ڕووداوێکی دیاریکراو و تایبەت کە گرێدراوی کێشەکانی کۆمەڵگەن، سەبارەت بەو بابەت ڕات چییە؟**

شەهلا: تیۆرییەک هەیە لە ئەدەبیاتدا کە دەڵێت نووسەر مافی ئەوەی هەیە کە هەموو شتەکانی خۆی بگۆڕێ. چوونکە گەشەدەکات و بیروڕای دەگۆڕێت. بۆ نموونە کاتێ دەقێک لەسەر دنیای مەجازیدا دادەنێت، دواتر دەستکاری دەکەی. بەڵام ئەوە زۆر گرنگە کە بۆ وێنە من لەم پەرتووکەمدا، یەکەمین وتارەکانم لە ٢٠٠٣دا سەبارەت بە مافی ژن، فیمێنیسم، ڕەگەز و دەسەڵات و هتد زۆر بەهێز نین لە ڕووی تیۆرییەوە، بەڵام بۆ کاتی خۆی واتە ٢٠٠٣ بۆ پرسی ژنان، جێندەر و فیمینیسم و پەیوەندی بە کوردایەتی خراپ نەبوون. لەم ڕوویەوە ئەم پەرتووکە بۆ خودی خۆم گرنگ بوو بۆ ئەوەی بزانم کە لە کوێیەوە بە کوێ گەیشتووم و چ گۆرانکارییەکەم تێدا بەدی هاتووە. یەکەمین وتارەکان لە سایتی دیمانەدا بڵاو دەبوونەوە، کە پەری شاکەلی و کاک مەجیدی ئەحمەدی دەیانگێڕا. لە سەرەتادا تەنانەت بە ناوی خۆم نووسینم بڵاو نەدەکردنەوە و وێنەی خۆشم دانەدەنا. تاکو پاش ماوەیەکی زۆر، لە کۆتاییدا کاک مەجید گوتی: وێنەیەکی خۆت دابنێت با خەڵک بزانێ کێ ئەم وتارانە دەنووسێت. ئەو کات لە کاتی نووسینی ئەم وتارانەدا، دەمخوێند و لەگەڵ ئایدیا و تیۆرییەکان ئاشنا دەبووم. وردە وردە بەردەوام بووم تا ساڵی ٢٠١٩ و بووم بە ئەندام دەستەی نووسەران «تیشک». «تیشک» بۆ من بوو بە پلاتفۆرمێک کە تێدا بتوانم خۆم لە ڕووی هزرییەوە ساغ بکەمەوە. با بۆ مێژوو بڵێم کە هەموویان پیاون و زۆربەیان پلەی دکتۆرایان هەیە و کاری تیۆری باشیان کردووە. کاتێک کەسێک کە بە ناوی خوازراو بۆ وێنە لە سنە یا مەهابادەوە بابەتی دەنارد، بابەتەکەم دەخوێندەوە و من لەوێدا بە شێوەیەک کە لەگەڵ ئەو ڕەوتەدا ڕۆیشتم و گەشەم دەکرد. بۆیە «تیشک» بۆ من بوو بەماڵێک کە من خۆمی تێدا ساغ بکەمەوە لە ڕووی تیۆرییەوە بە تایبەتی تیۆرییەکانی دژەکۆلۆنیالیزم و پۆست کۆلۆنیالیزم. بۆیە وتارەکانی دوای ٢٠١٩ کە لەم پەرتووکەدا هەن هەموویان بە ڕۆانگەیەکی دژەکۆلۆنیالیستی نووسراون و لەوێدا بازدانێک کراوە بۆ بیروبۆچوونەکانی کۆن و ساڵانی ٢٠٠٣. دوای «تیشک» لە ڕووی هزرییەوە وتارەکان بە بۆچوونی دژەکۆلۆنالیستی زیاتر نووسراون و گرێدانێکی بەهێزتر و تۆکمەتر بۆ کوردایەتی و تیۆرییەکانی فێمینیسم کراوە. چوونکە ئێمە لە «گۆڤاری تیشک»دا، ئامانجمان و تەواوی هەوڵمان ئەوەیە کە ببێتە پلاتفۆرمێکی ڕەخنەگرانە بۆ هێنانە باسی سەرجەم ئایدیا و بیروبۆچوونەکان. ئێمە وتاری ئیسلامییەکانمان بڵاو کردۆتەوە. وتاری کەسێکی دژی کوردایەتیمان بڵاو کردۆتەوە وەک ئەوەی پێی وابوو کە سەربەخۆیی نەگونجاوە. بەڵام خودی گۆڤارێکی تیشک پلاتفۆرمێکە کە ئێمە بتوانین ڕەخنەگرانە دیالۆگێک دروست بکەین لە نێوان ئەو پرش و بڵاوییەی کە لە دنیای هزری کورددا هەیە. بۆ نموونە بێڕێزی کراوە، هەڕەشە کراوە، ئەو شتانەمان لە دەرەوە باس نەکردووە و من وەک دەستەی نووسەرانی «تیشک» بۆ یەکەم جارە ئەمە باس دەکەم. بەڵام هەوڵمان داوە کە بە ئەو هزرە کوردایەتییەی کە هەمانبوو کوردایەتی بکەین بەستێنێک بۆ ئەوەی کە فێمینیسم، یەکسانی و دادگەری کۆمەڵایەتی بێنینە بەر باس. بۆیە لە دەستەی نووسەراندا بۆ خودی خۆم، کوردایەتی بۆ من ئەو شتە نییە کە بیستوومە کە ئۆلتراچەپەکان باس دەکەن کە شەهلا ناسیۆنالیستە، یاخود ڕاستەکان دەڵێن شەهلا چەپگەرایە. بۆیە کوردایەتی بۆ من دەبێتە ئەو پرینسیپەی کە لەوێدا دادگەری کۆمەڵایەتی و یەکسانیخوازی جێندەری و کێشەی ڕەوای کورد کە سەد ساڵە ژێنۆساید دەکرێت، لە یەک گرێ بدرێن ئەویش بە دیدێکی ڕەخنەگرانە. کاتێ ئێمە باسی کوردایەتی دەکەین ئەوە نییە کە ئێمە لە «گۆڤاری تیشک»دا ڕەخنە لە کوردایەتی نەگرین، نەخێر ئێمە لە نێو دەستەی نووسەراندا ڕەخنەگرانە تەماشای خۆمان دەکەین و بابەتەکان هەڵدەسەنگێنین.

ئەگەر لە بیرتان بێت پەرتووکی کوردبوون لە چاپدرا کە بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولودی یە. من نزیکەی ٣٠ لاپەڕەم لەسەر ئەو پەرتووکە نووسی، ناوی وتارەکە «برکی کوردبوون» واتە ژانی کوردبوون بوو. جا بۆیە کاتێک ناوم بۆ پەرتووکەی خۆم هەڵبژارد، ناوم لێنا برکی ڕزگاری. ڕزگاری چ بۆ ژنان بێت چ کورد بێت، هەمیشە تێکەڵاوی ژان و ڕەنجە. ئێمە بە پرۆسەیەکی ژاندا تێپەر دەبین. ئەو پرۆسەیەی کە ئێمە لە بزوتنەوەی ژینادا شاهیدی بووین، نموونەیەک بوو. ڕۆژانە شاهیدی چ دەرد و چ ژانێک بووین! بۆیە پێموایە کە ڕزگاری هەمیشە تێکەڵاوی ژانە. وەک منداڵێکە کە لەدایک دەبێت. منداڵ لەکاتی لەدایکبووندا بۆچی دەگری؟ چونکە تووشی گوشار و ژان و ئازار دەبێتەوە. بەڵام لە کۆتاییدا دێتە دنیا و لەدایک دەبێت. لەدایکبوون هەمیشە ژانی لەگەڵدایە. بۆیە هەوڵمداوە بە شێوەیەک ئەم ژانە باس بکەم کە بەرەو ئازادی و ڕزگاری ئەگەر بڕۆین بە چ پرۆسەیەکدا دەرۆین بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کە ئێوە باشتر دەزانن، ئەم ژانە زۆر بە ئازارترە.

گوڵاڵە: چەند خاڵی گرنگە کە ئاماژەت پێکرد و لە پرسیارەکانی منیشدا هەن،




دەبێ بگەڕێنەوە سەریان. بەڵام با باسی ئینتێرسێکشنالیتی بکەین،Intersectionality دەگەڕێتەوە ئەو جێگایەی کە چەند بابەت، پرینسیپ یەکتر دەبڕن. لە وتارەکاندا لە چەند جێگەدا باسی فێمینیسمی ڕەشپێست و سپی پێست دەکەی و تا ئەو جێیەی کە ژنی کورد لەگەڵ ژنی فارس بەراورد دەکەی لە ڕووی تێگەیشتن لە چەمکی دادگەرییدا. و لە چەند شوێندا لە سێ یا چوار لە وتارەکاندا باسی ئینتێرسکێشنالیتی دێنییە ئارا بە شێوەی جۆراوجۆر. لە شۆڕشی ژینادا لە لاپەڕەی ١٦٧ باسی ئەوەی دەکەی کە "ژن، ژیان، ئازادی" تێڕوانینێکی ئینتێرسێکشنالیتی نوێیە و لە سەر چەند ئەستوندەکی وەک سکۆلاریزم، ئازادی بیروڕا، دادی کۆمەڵایەتی و یاسایی، یەکسانی جێندەری، مافی چارەی خۆنووسین وێرای خۆشەویستی ئاو و خاک و هەوڵی ژینگەپارێزی. ئەو شتەی کەلە شۆڕشی ژینا دا بوو چۆن دەکەوێتە خانەی ئەوە کە تۆ بەراوردی دەکەی، ئەو شۆڕشە لە کوردستان لەگەڵ تاران؟

شەهلا: من پێڕانەگەیشتم ئەمڕۆ چاو لە کتێبەکە بکەمەوە بەڵام پێموابێ لە لاپەڕەی ٦٠دا، یا لاپەڕەیەکیتر، لێرەدا خاڵێکی یەکجار گرینگ هەیە کە هەم بەراوردێکم ئەنجام داوە لە نێوان فێمینیسمی ڕەشپێستانی ئەمریکا لەگەڵ فێمینیسمی سپی پێستان لە سوێد. بۆ نموونە لە فێمینیسمی ڕەشپێستەکاندا. ئینتێرسکێشنالیتی، خودی تیۆرییەکە ئەوەیە "کیمبرێلی کرینشاو" کە مامۆستای زانکۆیە، دەڵێ: ژنی ڕەش وەک ئەوەیە کە لە ناوەندی چوارڕیانێک وەستابێت و هەموو ئۆتۆمبیلەکان دێن و خۆت پێدادەکێشن. ئەوەی لە ڕوانگەی سکێسییەوە تەماشای دەکا، دەڵێت لە بەر ئەوەیە کە ژنە و ڕوانگەکانی تر نابینێت. ئەوەی کە سپی پێستە، دەڵێت چونکە ئەوە ڕەشپێستە واتە نژادەکەی، هەرچەند من لە پەراوێزێکدا ڕوونم کردۆتەوە کە باوەڕم بە نژاد نییە: ئێمە مرۆڤەکان چ ڕەش، ئەفریکایی، لاتین و هتد هەموومان وەک یەکین. ئەم وشەیە زۆر جار بە هەڵە بەکاردێت. جا «کرینشاو» باس لەوە دەکات کە ئەو ژنەی کە لەوێ وەستاوە، تەنیا ژنبوونەکەی، یاخود ڕەشبوونەکەی نابێتە هۆکاری دانانی لەسەر چوارڕێیەکە، بەڵکو دەیان فاکتەری دیکە هەن کە کاریگەرن کە لە هەموو لایەکەوە خۆت پێدادەدەن. بەڵام سەبارەت بە ژنانی سوێد و لە ڕوانگەی هێندێک فێمینیست لە سوێد، زۆر باسی پێگە یا چینی کۆمەڵایەتی ناکەن. بەڵام لە ڕوانگەی منەوە، پێگەی کۆمەڵایەتی یەکجار گرنگە. بەردەوام باسی دەکەم و بڕوام وایە کە گرفتی دادی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز، کوردایەتی، هەمووی ئەوانە بە یەکەوە گرێدراون. بۆ نموونە لە مەریوان ئەگەر لە بیرتان بێت، ژنێک خۆی فرێدا. دواتر چەندین چیرۆک هەبوو کە هەندێ کەس دەیانوت کە هاوسەرەکەی لە ماڵ نەبوو یا شتی تر. بۆیە کاتێک تەماشای ئەم جۆرە کەیسە کۆمەڵایەتییانە دەکەین، [با باسی ئەوەش بکەم کە من هەمیشە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە هەڵسەنگاندم کردووە بۆ نموونە من تەنانەت کوردایەتیشم لە ڕوانگە کۆمەڵایەتییەوە واتە لە دیدی ئەو تیۆرییانەوە کە دەڵێت: دەق ئاوێنەی کۆمەڵگایە، لە دەقدا دەتوانی بزانین کە لە سەردەمی کۆماردا چ ڕوویداوە؟ کاپتان حەمەدی مولودی چی باس کردووە؟ من و تۆ کە ئێستا لێرە دانیشتووین، بابەتێک دەنووسین، بیست ساڵی تر خەڵکی چۆنی لێکدەداتەوە] گرنگ ئەوەیە کە ئینتێرسکێشنالیتی بە باشی لێک گرێ بدەی: بتوانی هەم پرسی چینی کۆمەڵایەتی باس بکەی، هەم ڕەگەز باس بکەی و هەم پرسی نەتەوەیی باس بکەی. ڕەنگە لای هەندێ کەس، گرفتی نەتەوەیی لە پێشتر بێت و باس لەوە بکات کە لە ئێستادا پرسی ڕزگاری نەتەوەیی گرنگترە. من وڵامم داوەتەوە کە لە ئێستادا ناتوانی ڕزگاری نەتەوەیی لە پرسی ژن جیابکەیتەوە. چونکە پرسی ژن وا تێکەڵاوی ئەم گرفتە بووە کە لە بنەڕەتدا لێک جیاکردنەوەی نامومکینە. شۆڕشی ژیناش ئەمەی پێ گوتین. لەم شۆڕشەدا لە گەڵ ئەوەی کە پرسی ژن بەم شێوەیە تێکەڵاوی پرسی نەتەوەییە بەڵام دیتمان کە چۆن ژنان لادران. ئێوە خۆتان لە ڕێبەری دابوون، دەنگت بە چەند جێگا ڕاگەیشت و چەند توانیت قسە بکەی؟ ئەو



دەنگە بەرزبووە کە دەنگی دەسەڵات و نەتەوەی باڵادەست بوو. تەلفزیۆنەکان...

گوڵاڵە: نا وێرژنێکی دەدا کە وێرژنێکی ژنانە نەبوو.

شەهلا: وێرژنێکی نیشان دەدا کە ژنانە نەبوو، رەزا پەهلەوی گەورەکرا، ئەوی دیکە گەورەکرا. سیمایەکی وا نیشاندرا کە منی کوردیش بەشێکم لە تاران! تارانێک کە هەرگیز بە دەنگی ئێمەوە نەهات. بۆیە ئەوە یەکجار گرنگە. من لە بیرمە کە جارێک لە گەڵ خاتوو "جەمیلە حەسەنخالی" و تۆ، لە سەر شەقاو گفتگۆمان دەکرد. من پێداگریم دەکرێت کە ژنی کورد دەبێ دەنگی خۆی هەبێ و بتوان لە خۆپێشاندانەکاندا، لەسەر شەقامەکان ڕیبەری بکات و حیزبە کوردییەکان وەکو کارتێک سوودی لێوەربگرن کە نەیانکرد. بۆیە لەم ئینتێرسکێشنالیتی یەدا کە بگەڕێننەوە سەری، دەبێ بە باشی بزانین کە پێگەی ژنی کورد لە ئێستادا لە کوێیە؟ لە سەرکردایەتیدا لە کوێ یە، لە ڕێکخستندا لە کوێیە؟ بۆ دەبێ لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارێکدا تەنیا یەک ژن هەبێت؟ بۆ؟

**گوڵاڵە: تەنانەت لە هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ژینادا دەوترێت کە جیاوازی شۆڕشەکە لە گەڵ گشت شۆڕشەکانی پێشووتر، ئەوەیە کە دەتوانێ پەل بهاوێژێ و گەشە بکات. لە تاران نەبوو، بەڵکو دایناموکەی لە کوردستان بوو، لەوێڕا وردە وردە بە ئێراندا بڵاو بووە، بزوتنەوە دواتر گەیشتە تاران. بەڵام تۆ باس لەوە دەکەی کە ناوەرۆکی شۆڕشەکە لە کوردستان جیاوازە. لە بنەڕەتدا وەک ئەوە نیە کە لە تاران هەیە. بە هۆی ئەم جیاوازییانە، هەر کاتێ بە نیازی کە فێمینیسم و ناسیۆنالیسم بە یەکەوە ئاشتی بدەی، لە زۆربەی ئەم وتارانەی پەرتووکەتدا هەیە، تۆ چۆن ئەم دوانە بە یەکەوە ئاشتی دەدەی؟**

شەهلا: نا، ئاشتکردنەوە نا! بەڵکو ئەرکی ناسیۆنالیسم ئەوەیە کە فێمینستەکە بەلاوە نەنێت. ئەوەی کە لە تاران ناتوانێ دەنگی من بێت و لە جۆرێکی ترە، بە هۆی ئەو پێرسپەکتیڤە کۆلۆنالیستییە. من کاتێ تەماشا دەکەم تەنانەت ئەگەر لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردووش نەبێت و تەنیا باس لە ٢٠٢٢ تا ئێستا بکەین، بینیمان کە چۆن شۆڕشی ژینا دەستبەرکرا، بینیمان کە چۆن دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» کرا بە «زن، زندگی، ازادی»! یاخود «مرد، میهن ابادی». ئەگەر تەماشای بکەی تەنیا دەوڵەت و نەتەوەی باڵادەست و هێژمۆنی ئەو باس دەکرێ. «ژینا» بووە بە «مەهسا»، دەبێ بە زۆر و ململانێ تۆ باس لەوە بکەی کە ئەو کچە خۆی لە گرتەڤیدئۆیەکدا دەڵێت من ناوم ژینایە. خۆ تۆ ناتوانی ئەوە لە مرۆڤێک بستێنی! ئەو خۆی باس لەوە دەکات کە ناوی «ژینا ئەمینی»یە. کەچی کردیان بە «مەهسا». شۆڕشەکەیان دەست بەردا گرت. تۆ لێرەدا وەک «فانۆن» دەڵێت ئەو ڕوانگە دژەکۆلۆنیالیستیە یاخود پۆستکۆلۆنالیستەیە دێنە ئاراوە. ئەوان بەنیازبوون لە هەر ئێرانییەک، ئێرانیترمان بکەن. کە دەڵێت: «ئەتۆی ڕەشپێست دەبێ فەرانسەوییەک لە سپی، سپی تر ببینی"». بۆ ئەوەی کە بتوانێت ڕەوایی خۆی بسەپێنێت. من دەڵێم: نامهەوێ کە لە تۆ سپی تر بم، نامهەوێ لە تۆ ئێرانی تر بم. من دەمهەوێ کورد بم و بە ماف و داواکانمە. با باسی ئەوەش بکەم کاتێ پرسیارت کرد کە چۆن تەماشای ئیدیۆلۆژییەکان دەکەی؟ من لە ڕاستیدا خۆم لە چوارچێوەی ئیدیۆلۆژییەکی تایبەتدا نابینمەوە. ناسیۆنالیسمیش بۆ من هەمیشە پرۆژەیەکی پیاوانە بووە. لە ئەرووپاشدا پیاوانە بووە لە کوردیشدا پیاوانە بووە. پرۆژەیەک کە خۆی لە ئەلمان لە نازیسم و فاشیسم نزیک کردۆتەوە. دیسان دەگەڕێمە سەر «گۆڤاری تیشک»، یەک شت کە زۆرجار ئێمە هەڵوێستەی لەسەر دەکەین ئەوەیە کە کوردایەتی ئێمە هەرگیز خۆی لە فاشیسم و ڕاسیسم نزیک نەکاتەوە. هەرچەند لە ڕاستیدا ئێمە لە پێگەیەکی لاوازداین و بە شێوەیەکی سروشتی و لە بنەمادا ناتوانین بە واتایەک ڕاسیست بین چوونکە دەسەڵاتمان نییە. سبەی ڕۆژ ئەگەر ئێمە دەسەڵاتمان هەبێت، لەوانەیە ئێمەش بەرەو فاشیسم بڕۆین. لەم بواردەدا دەبێ لە ڕووی تیۆرییەوە هۆشیار بین. بۆ نموونە ئێستا بیرمەندێکی کورد لە ئەمریکا هەیە، "دکتۆر ئەحمد" کە خەڵکی کەرکووکە و پەرتووکێکی هەیە کە تێدا زۆر با باشی باسی ئەم بابەتە دەکات. بۆیە یەکجار گرنگە کە لەو تیۆرییانەدا هۆشیار بین کە سنوورەکان لە کوێین؟ تۆ نەتەوەیەکی کە ئەوەند ستەمت لێکراوە کە بە شێوەیەکی سروشتی بۆ نموونە ئەگەر سبەی ڕۆژ، کەسێکی وەک "خامنەیی"یت دەست بکەوێ ڕەنگە دە شەقی لێبدەی یاخود خەڵک هەبێ بڵێ بیکوژێت. یاخود بڕوانە چۆن کاتێ "ابراهیم رئیسی" مرد، خەڵک شادیان دەربڕی! بەڵام گرنگە کاتێ کە دەسەڵاتت گرتە دەست، تەنانەت ئەگەر ئەو "خامنەیی" و "رئیسی"یت وەبەر دەست کەوت، ئایا باوەڕت بە مافەکانی مرۆڤ دەبێت؟ ئێعدامی دەکەی؟ دەیکوژی، بەر شەقی دەدەی؟ یاخود دەیبەیە دادگایەکی دادپەروەرانە؟ بۆیە دیسان جەخت لەو دیدگا ڕەخنەگرانە دەکەمەوە کە پێویستە ئێمە هەمان بێت.

**درێژەی ئەو وتوویژە لە ژومارەی داهاتووی گۆڤاری ژناندا بڵاو دەکەینەوە**

# تابلۆیەک لە غەمگینترین پیاوی دونیا



نەسرین یوسفزادە

وا بزانم وەرزی هاوین بوو بینیمن، ئیتر باش لەسەر یاد نیم چ مانگێک بوو، لەگەڵ یەکیکی دیکە لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانمان میوانیماڵیان بووین. ژن و میردێکی میهرەبان و میوانگر، بەردەوام پرسیاریان لێ دەکردین، بەتایبەت باجە هاجەر دەیگوت «دەی نەسرین گیان بڵێ بزانم دایک و باوکت ماون شکوور؟ غەمیانت نییە؟» و

منیش لە وڵامدا دەمگوت «بەڵێ ئەرێوەڵڵا شکوور ماون وەڵڵا جا بیریشیان دەکەم چ بکەم چارەنووسمان وای لێهاتووە».

دەیگوت «وایە وەڵڵا ماڵی ئەو زاڵمە (کۆماری ئیسلامی) بڕووخێ ئەو هەموو کوردەی لەسەر ماڵ و ژیانیان هەڵقەند و هەمووی لە کەسوکار و خۆشەویستیان دوور کردەوە».

دوای کەمێک بێدەنگی گوتی «هیچ نییە غەمت نەبێ من ئەوە سی ساڵ پترە لەگەڵ سەید برایم لێرەم. سەید برایم بۆم بووەتە دایک و باوک و خوشک و برا و هەموو کەسێک، یاخوا لەسەر سەری گەڕێم، یاخوا مەرگم پێش مەرگی بکەوێ».

وردەوەردە کەلوپەلی خوانی نیوەڕۆ ئامادە بوو و باجە هاجەریش هەر وا میهرەبانانە گوتی «ئێوە بچن سفرەکە ڕاخەن تا من چێشتەکە تێ دەکەم». جا خوان چ خوانێک ئەوەی لەدەستی هاتبوو و بۆی کرابوو بە زیادەوە کردبووی، سفەرەی ماڵەکەی هێندەی دڵی گەورە و بەرین بوو، ئەوە نەوەک بۆ ئێمە بەڵکوو بۆ هەموان وا بوو.

کاک سەید برایم لە باجە هاجەری هاوژینی بەتەمنتر دیار بوو. یان لەوانەیە دەردی ئەو ڕۆژگارە و ژێردەستەییی گەلی کورد تاڵە قژەکانی ئەویشی وەک بەفر سپی کردبوو؛ ڕوخساریکی تووڕەی بوو بەڵام کاتیک کە دەتدواند دەتزانی دڵیکی پڕاوپڕ لە بەزەیی و میهرەنانی هەیە. چەندین ساڵ بوو لە کۆمیتەی ئەمنییەت بوو و دەیان جاری کەسانێک کە ڕێژیمی ترسەنۆک و دژەمرۆڤیی کۆماری ئیسلامی بۆ تێکدانی ئەمنییەت و ئاسایشی نێو حیزبی دێموکرات ناردبوونی و لێرە شناسایی کرابوون و پێیان لە تاوانەکەیان نابوو، دیتبوو، هەر بۆیە زۆر درەنگ باوەڕی بە کەسانێک کە تازە دەیبینین دەکرد.

باجە هاجەر پرچێکی لوولی ڕەشی بوو میهرەبان و بە دەست و دڵییەکی تایبەتی بوو، پێی وا بوو ئەگە ئەوەی هەیەتی لەگەڵ خەڵکی دیکە نەیخوا، ڕۆژی شەو نابێتەوە. کەس نەبوو بچێتە ماڵی و بە دیارییەکەوە نەیاتە دەرێ، یان ئەوەی تا ماوەیەک هەر بیری لەو هەموو خانەدانی و کابانەتییەی باجە هاجەری میهرەباندا نەکردبایە.

لانی کەم دەکرێ بڵێین زەماوەند و شایی و بووکمارەکردنی دەیان پیشمەرگەی لاو لە ماڵیان بووبێت کەمە و هەموویان هەتا لەنێو حیزب مابووبن ماڵی کاک سەید برایم و باجە هاجەریان بە ماڵی باوک و دایکی خۆیان زانیوە.

ئەوەی زۆر گرینگ بوو ئەوە بوو کە هەرچی باجە هاجەر بیبەخشیبایە کاک سەید برایم لێی نەدەپرسییەوە، لەوانەیە هیی ئەوە بوو خۆیان منداڵیان نەدەبوو بۆیە هەموو کوڕ و کچە لاوەکان و هەموو پێشمەرگەکانیان بە منداڵ و ڕۆڵەی خۆیان دەزانی.

یان ئەوەندە دڵدار و خۆشەویستی یەک بوون، خۆشەویستیی خۆیان لەگەڵ هەمووان دابەش دەکرد تاوەکوو دنیا پڕ بکەن لە کەسە باشەکان. هەر جارێک کە باجە هاجەری میهرەبان خواردن و ترشیات و مرەبا و ... ساز دەکرد و بۆ کەسانی دیکەی دەنارد دەیگوت «ڕەبی دەسەرسەرت گەڕێم سەید برایم گیان، ڕەبی مەرگم پێش مەرگت کەوێ تۆ ئەوەندە پیاوێکی باش نەبایەی من بۆ دەمتوانی ئاوا خێر و خێرات بکەم».


کاک سەید برایمیش بە بزەیەکەوە دەیگوت «کچی هاجەر خاتوون ئەوە چ قسەیەکە دەیکەیت، من ماڵم نییە هەمووی هیی تۆیە و ئیختیاری بە خۆتە چۆنت پێ باشە وای لێ بکە».

ڕۆژی ٣٠ گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی، ڕۆژی پڕ لە شانازی یەکگرتنەوەی حیزبی گەورەی دێموکرات لە کاتی ڕێوڕەسمەکەدا لەگەڵ باجی هاجەر لەلای یەک دانیشتبووین. زۆر دڵی خۆش بوو بەردەوام و دەیگوت تۆ چاو لێ بکە چەندە خۆشە نەسرین ئەوە هەمووشمان نین، جا تۆ بڵێی چۆن دەبین ئەگە هەموو بین کوا ساڵۆنێکی ئاوا هەڵیدەگرێت؟

گوتم ڕاست وایە باجە هاجەر گیان ئەو دڵخۆشییە مێژوویی دەبێت و بۆ هەتاهەتایە لە دڵی هەموو کوردستاندا دەمێنیتەوە.

ئەو ڕۆژە کۆتا جار بوو من باجە هاجەرم لە نیزیکەوە بینی. لە مانگی خەرمانانی ئەو ساڵەدا کە حیزب بە یەکجاری یەکی گرتبووە و خەریکی کاروباری ڕێکخستنی ئورگانەکان بووین لەگەڵ ئەوەش باس لە چەند ڕووداوی مێژوویی وەک ١٧ی خەرمانان ڕووداری هێرشی هاژەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵا و فێرگەی دێموکرات و هەڵپڕووکانی شازدە گوڵاڵە سوورە و ٢٦ی خەرمانان تاڵیادی تێرۆری شەهیدانی میکۆنۆس بوو. هەر لەو مانگەدا یەکێک لە ئەندامانی ڕێکخراوەی ژنان بە ناوی هاوژین نستانی کچی شەهید ئەمیر نستانی تەنیا ٤ ڕۆژ پێش شەشەمین ساڵرۆژی شەهیدبوونی باوکی بە ڕووداوێکی هاتوچوو گیانی لەدەست دا و خەمێکی گەورەی خستە سەر دڵمان.

٢٣ی خەرمانان لە تارانی پێتەخت کچێکی کورد بە ناوی ژینا ئەمینی دەکەوێتە بەر هێرشی گەشتی بەناو ئیرشاد و چەند کاتژمێر دوای دەستبەسەرکردن و بردنی بۆ بنکەی پۆلس هەواڵی ئەوە دەدەن کە گۆیا ئەو کچە جەڵدەی مێشک



لێی داوە و بۆ نەخۆشخانە بەڕێ کراوە.

دوایی بە بڵاوکردنەوەی وێنەکان و دانپێداهێنانی پزیشکان دیار کەوت ئەو کچە کوردە ٢١ ساڵەی کە وێڕای بنەماڵەکەی لە تارانی نگریس میوان بوون بە جێگەی هەموو میوانداریيەک دەستبەسەریان کردبوو و بە زەربی مست ئەویش نەوەک جارێک بەڵکوو چەندین جار سەری بە دیوار یان شتێکی قورس درابوو هەتا ئەو کاتەی توانای هەناسەدانی نەما و ناچار بەوە بوون بیبەن بۆ نەخۆشخانەی کەسرای تاران و لەوێ کۆمەڵێک دوکتوور و پەرستاری لەخۆبوردوو شەووڕۆژ هەوڵی ئەوەیان دا گیانی ڕزگار بکەن کە بەداخەوە هەموو هەوڵەکانیان بێئاکام مایەوە و ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان ژینای کوردستان بۆ هەمیشە چاوە جوانەکانی لەسەر یەک دانا و شەهید بوو.

شەهید بوونی ژینا بوو بە هۆکاری تووڕەیی چەندین ساڵەی خەڵکی کوردستان و ئێران، خرۆشی خەڵکی تووڕەبوو لەبەر درگای نەخۆشخانەی کەسرای تاران دەستی پێ کرد و ئاگری تووڕەیی و هاواریان لە گۆڕستانی ئایچی سەقزەوە دەستی پێ کرد و لە یەک ڕۆژدا هەموو کوردستانی گرتەوە.

هەر ئەو کاتە بوو کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان بەیاننامەیەکی ڕوو بە خەڵکی کوردستان دەرکرد و داوای لێ کردن لە بەرانبەر ئەو زوڵمە ناڕەوایە بێدەنگ نەبن. شار بە شار و ناوچە بە ناوچە خەڵک بە دژی ڕێژیم هاتبوونە دەرێ.

لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان و هەموو جیهانیش دەنگی شۆڕشی ژینا بڵاو بووە و ئەوە بوو بە هۆکاری ئەوەی ڕێژیمی خوێنمژی تاران بە کوشتنی لاوان و کچان و کوڕانی وڵات دانەمرکێ و لە ڕۆژی ٦ی ڕزبەری ١٤٠١دا تەنیا ١٠ ڕۆژ دوای شەهیدکردنی ژینا بۆ جارێکی دیکە هێرشی هاژەکیی کردە سەر بنکە و بارەگای حیزبە کوردستانییەکان و بۆ جارێکی دیکە کۆمەڵێک تێکۆشەری کورد سەریان بوو بە بەردەبازی ڕزگاریی وڵاتەکەیان و بەداخەوە باجە هاجەری میهەربانیش یەکێک لەو کەسانە بوو.

یەک ـ دوو کاتژمێر دوای ڕووداوەکە بوو کە وێنەی پڕاوپڕ لە گریان و غەمی کاک سەید ئیبراهیمم دی کە بەسەر تەرمی باجەهاجەردا داهاتبووە و بۆ دواجار ماچی لە زامەکانی دەکرد و ماڵاوایی لێ دەکرد.

کاک سەید ئیبراهیم لە دوای باجە هاجەری میهرەبان بە یەک ڕۆژ سەد هێندە پیر بوو، غەمی لەدەستدانی باجە هاجەر پشتی چەماندبوو. دەیانگوت کاتێک باجە هاجەر گوێی لە دەنگی یەکەم هاژەک بوو، ڕای کردبوو بۆ دەرێ تاوەکوو بزانێ کە لە کوێ دراوە و بزانێ کاک سەید برایم ماوە یان نا، کە بەداخەوە دووهەم دانە لە نێوان کۆڵانەکەدا دەتەقێتەوە و دەبێتە هۆی شەهیدبوونی باجەهاجەری میهرەبان و پێشمەرگەیەکی لاو بە ناوی میلاد و بریندار بوونی ژنێکی دووگیان بە ناوی شیما (ڕێحانە) کە بەداخەوە دوای چەند کاتژمێر خۆی شەهید بوو و کۆرپەکەی کە لەگەڵ زانیاری هاوژینی ناویان نیابوو «وانیار» کە بە زیندوویی بەڵام ناتەواوی هاتبووە دنیا و دوای ڕۆژێک بوو بە بچووکترین شەهیدی کوردستان.

ئیتر ڕۆژەکانی تەنیایی کاک سەید ئیبراهیم دەستی پێ کرد و تابلۆیەک لە غەمگینترین پیاوی ئەڤیندار لە گۆڕستانی شەهیدانی کۆیە نەخشێندرا.

# کورتەیەک لەسەر ژیانی ئەدەبی «نەرمین ئیبڕاهیم ئازەر (تەوار)»



ن. ئا: تریفە فاتیحی



کۆتا ڕۆژەکانی زستانی ٦١ و چاوپشکووتنی لە یەکەم ڕۆژکانی بەهاری ٦٢ دا بوو . ئەو ڕۆژە دەیانکوت: سەیرە دوو ڕۆژی ماوە بۆ نەورۆز بەڵام بەفر سەیر یەخەی عەرزی گرتووە و کۆڵانەکان ڕێی هاتوچۆیان نییە!! دەستێکی پڕ بوو لە هەلاوە مەلاوە و دەستێکیشی پڕ لە گەزیزە.

شاعیری جوان و نووس و تەوارە بەرزەفڕەکەی ئەوجارەمان خاتوو نەرمین ئیبڕاهیم ئازەرە «تەوار» لەشاری مەهاباد چاوی بە دونیا هەڵێناوە. هەرکە فێری خوێندنەوە بوو هۆگری کتێب بوو و لە چاردە ساڵی دا، بۆ یەکەم جار چووە ئەنجومەنی ئەدەبی . ئەوکات ڕای وابوو ببێتە نووسەر و ئاشقی ڕۆمان و چیرۆک بوو. دوای وەرگرتنی دیپلۆمی حیسابداری لە ساڵی ٧٩ دەچێتە زانکۆ وخوێندنی حیسابداری درێژە پێدا. ساڵی ٨٣ زەماوەند دەکا و دەچێتە شارە جوانەکەی بۆکان . لەوێ لە شیرکەتی سازە کێشتی کاوەی بۆکان وەک حیسابدار دادەمەزرێ کە لە هەمانکاتدا نوێنەری بانکی کشاوەرزیش بوو. دوای ماوەیەک نوێنەرایەتی تراکتۆرسازی تەوریز و هێپکۆی ئەراکیش وەرگیرا و دەبێتە بەرپرسی ئەو بەشە. تا ئەو کات خولیای نووسەری هەر لە مێشکدا هەبوو و خوێندنەوەی هەر هەبوو . زیاتر بە فارسی دەینووسی و هۆگری ڕۆمان بوو. ساڵی ٩٣ دەگەڕێتەوە مەهاباد و لەوێ دەچێتە لای کاک «ڕەحیم سووڵتانی» دامەزرێنەری فێرگەی سۆما و لە خولێکی فێرکاری شێعر و چیرۆک بەشدار دەبێ. هەر لەوێ یەکەم شێعری کە نیمایی بوو دەنووسێ .

لەوێڕا ڕێگەی شێعر وەک ئامانجێکی پیرۆز هەڵدەبژێرێ و زیاتر هەوڵ دەدا .

لە خزمەت مامۆستا تاهیر کەریمی(شیوەن) عەرووز و قافییە فێر دەبێ و هاتوچۆی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد دەکات. یەکەم غەزەلەکانی دە نووسێ و لە گۆڤارەکانی مەهاباد و بۆکان بڵاویان دەکاتەوە. ساڵی ٩٦ دەگەڕێتەوە بۆ بۆکان و ساڵی ٩٧ نوێنەرایەتی فێرگەی سۆما وەردەگرێ و لە بۆکان لە بواری وانەبێژیی چالاکی خۆی درێژە پێدەدا. خۆی گوتەنی گەورەترین شانازیم دامەزراندنی کارگای چیرۆکی مامۆستا قزڵجی بە هاوکاری مامۆستا بریا کاکە سووری بوو. لەو کارگایەدا زۆر کەس لە نووسین نیزیک بوونەوە. هەروەها بەڕێوەبردنی دانیشتنە ئەدەبییەکان و خولەکانی شێعر ، هێمن ناسی، عەرووز و قافییە، نەقدی ئەدەبی ، بوو.

هەر چەند بەداخەوە دوای ماوەیەک فێرگەی سۆما بە ٥٦ نوێنەری چالاکەوە کۆ کراوە.

درێژەی چالاکییەکانی لە ساڵی ٩٧ وەک ئەندامی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکان تا پاییزی ٩٩ هەر لەو بازنەیە دەبێ کە بە هۆی بڵاو بوونەوەی وایرۆسی کرۆنا زۆربەی چالاکییەکان بە شێوازی مەجازی و لەسەر هێڵ بوو تەنانەت بەڕێوەبردنی فێستیواڵی شاری دڵ کە زۆر کارێکی دژوار بوو .

لە نەورۆزی ١٤٠٠ دیسان دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆشەویستی و بەیەکجاری جێگر دەبێ .

تێکەڵاوی دەگەڵ ئەدەبیات و خزمەت کردن لەو بوارەدا وای کرد وەک ئەندامی بەڕێوەبەری بنکەی فەرهەنگی هونەری موکریانی مەهاباد هەڵبژێردرێ . یەکەم کاری لەو بنکەیە بەڕێوەبردنی کارگەی چیرۆک بە دوو شێوازی حزووری و

ئانلاین بوو کە بەختەوەرانە دەستکەوتی باشی بوو . دواتر هەڵەکانیان بۆ ناساندنی شاعیرانی شارەکانی تر و لێدوان لەسەر ئەزموونی شاعیری ئەو بەڕێزانە و هەروەها بانگێشتنی کەسانی پسپۆڕ و لێزان لە بوارەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ، خەسارناسی ئەدەبیاتی منداڵان ، کۆڕێک لەسەر تەنز و جۆرەکانی تەنز ، ناساندنی چیرۆکنووسان و ڕێز گرتن لە کەسایەتییە چالاکەکانی ئەو بوارەدا بەرینتر کرد. بەڕێوە بردنی شەوە شێعری وەفایی لە بەفرانباری ١٤٠٢ کە ڕادەی بەشداربوانی ئەو شەوە شێعرە زیاتر لە ١٣٠٠ کەس و بە بەشداری ١٢٠ شاعیر لە زۆربەی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو کارێکی پیرۆز و بەرچاو بوو.

خاتوو نەرمین چالاکییەکانی تا ئەمڕۆش هەر لەو بنکەیە درێژەی هەیە و بەوهیوایەی بەردەوام و سەرکەوتوو بێت .

خاتوو نەرمین بە زمانێکی پاراو و ژنانە دەنووسێ، هەمیشە هەوڵی داوە ئازارەکانی ژنان بە زمانی شێعر دەربڕی و لە زۆربەی قالبەکانی شێع دا شێعری نووسیوە. وەک غەزەل ،چوارپارە، مەسنەوی، دووبەیتی، پێنج خشتەکی، تەخمیس و...هەڵبەت لە بوارەکانی چیرۆک و ڕۆمانیشدا چالاکی بووە و بۆ وێنە هاوکاری لەگەڵ چەند کەسێک بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر گێڕانەوە ناسی لە ڕۆمانی کوردیدا لە سەرەتاوە تا ئێستا کە دواتر هەر لە ژێر ئەو ناوە بە نووسینی بەڕێز جەلال پوورحەسەن لە چاپ درا و بەختەوەرانە کتێبێکی زانستی زۆر بەپێزە.

هەڵبەت لە بواری هەڵسەنگاندنی چیرۆک و ڕۆمانەکان چەندین وتاری نووسیوە و ئامانجی ئاوڕدانەوەیەکی جدیە بۆ بەشی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بابەتە ئەدەبییەکان.

هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ خاتوو تەوار و هەموو ژنانی بوێر و دەروەستی نیشتمان

چۆپی کێشانە لە مەڵبەندی دین
خوێنی یاخی کیژە کاژێ دەڕژێ
سوورەتی ژن لە خودا دڵمەندوو
خوێنمژێ تیر بە دڵی، خوێن دەمژێ

شەو لە شاڵی سەری کیژێ ڕەشتر
دەستی خستۆتە هەناوی شارێ
کچ لە دوا ویسگە دڵی خۆی دانا
سەری بێ شاڵی دەبەن بۆ دارێ

نەفەسێ بەر لە ژییان خنکا بوو
شەوەکی ڕێگە تەریک و تەم بوو
مۆتەکەی مانی بەزۆری زاڵە
ژینی پێشکێشی تەواوی خەم بوو

ژن بە مانای ڕۆژێ سەت چەل مردن
ڕێک سنووری مەرگەژێ و ڕاکردن
تێکەڵاوی قورسی ئەعساب و خەو
چرکە چرکە توانەوە تامردن

چەقوچۆی دینە لە ئاوێنەی ژن
تاکە وەرزی ژینی ژن زستانە
سەنگەساری خەفەت و بێدەنگی
ڕێگە چارە بە تەنێ وەستانە

خۆر لەناو چاڵی شەوێ یەخسیرە
تووڵە نوور ڕێگە لە تێلبەند دەدزێ
هەوری ڕەش چارکەشانی دێنێ
کچی خۆر پرچی لە ژێرا دەخزێ


نەرمین ئیبراهیم ئازەر (تەوار)

من دێمەوە
من دێمەوەو
بەیانیەک
لەسەر تاتە بەردی
کانی قەراخ ماڵان
خەونەکانی غەریبیت
بۆ دەگێڕمەوە
ئاخر هەر تۆ و ئەو سەرچاوەیە
دەزانن
چەند بریندارن خەونەکانم
من دێمەوە
چوار شەممەیەک
دەست لە دەست یەک
دەچینە سەر چاکی پشت دێ و
چلدانەیەک

بۆ مرازی خۆشەویستیمان
دەگرینەوە
من دێمەوە و
بە ڕێکەوتی لەدایک بوونێکی تازە
قەسیدەی ساڵانی دووری و
خۆشەویستی هەتاییمان
دەهۆنمەوە
من دێمەوە و
هەتا مردن
نیشتمانێک من لە ئامێزی دەگرێت
و منیش نیشتمانی باڵاکەی تۆ

تریفە فاتیحی

# سوودەکانی هەنجیر



جیهان بێتووشی



هەنجیر میوەیەکی هاوینەیە و تامێکی خۆشی هەیە بەڵام لەگەڵ ئەو تامە شیرین و خۆشەدا سوودێکی یەکجار زۆری لە خۆیدا کۆکردۆتەوە کۆمەڵێک ڤیتامینی باش لە میوەی هەنجیردا هەیە وەکوو ڤیتامینەکانی k و c و A وە دەوڵەمەندا بە ماددەی ئاسن بۆ کەسانی کەم خوێن بە سوودە بڕێکی باش لە ریشاڵی خۆراکی تێدایە کە کرداری هەرسکردن ئاسان دەکات و پێشتر وا باس دەکرا خواردنی هەنجیر بۆ کەسانێک کە شەکرەیان هەبێ باش نییە بەڵام بە پێی لێکۆڵینەوە نوێیەکان خواردنی هەنجیر بۆ تووشبووانی نەخۆشی شەکرە نەک هەر خراپ نییە بەڵکوو زۆر باشە و ڕێکخەری شەکری خوێنە هەنجیر هەر بە تەنیا خواردنەکەی سوودمان پێنابەخشێ بەڵکو ئەو شیرەی لە هەنجیری نەگەییودا هەیە دەتواندرێ بە کار بهێنرێت بۆ هەوێنی شیر کە دەیکاتە ماستێکی نایاب و بەتام وە خانمە دەسترەنگینەکانی کوردستان لە کاتی خۆیدا وەکو هەوێنی دروستکردنی پەنیر بەکاریان هێناوە هەروەها شیری هەنجیر بە کار دەهێندرێت لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی پێست وەکوو ئەکزیما و بالوکە هەنجیر یارمەتیدەرێکی باشی خانمانی دووگیانە لە کاتی دووگیانیدا بە خواردنی هەنجیر دایکەکە دەتوانێ خۆی بپارێزێ لە قەبزی و کەم خوێنی و بەمەش ئاگاداری تەندروستی خۆی بێت.

لە کوردستان هەنجیری وشک دەکرێتەوە و لە وەرزی زستاندا پێشکەش بە میوان و خۆشەویستانمان دەکرێ بێگومان بە وشکردنەوەی هەنجیر هیچ لە بەها خۆراکی و سوودەکانی کەم نابێتەوە بەڵکو سوودی تریش لە خۆی دەگرێ وەکوو چارەسەری کێشەکانی سینگ و کەمکردنەوەی کۆکە و بەڵغەم دەکات بۆ تەنگە نەفەسی و چالاکردنی جگەر بەسوودە .

هەنجیر دەکرێ بە مرەبا و تامێکی خۆشی هەیە و سفرەو خوانی بەیانیانمان ڕازاوەتر دەکات.

لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە بڵێم بۆ دڵێکی تەندروست و ساغ دەبێت لە وەرزی هاویندا خۆت لە خواردنی هەنجیر بێبەش نەکەی بەڵام دەبێت ئەو کەسانەی کە حەساسیەیان بە خواردنی میوەی هەنجیر هەیە ئەم سوودانە لە میوەیەک یان ڕووەکێکی تردا پڕ بکەنەوەو خۆیان لە خواردنی میوەی هەنجیر بە دوور بگرن.

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆ ئەندامانیان لە شاری قەڵادزێ





ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٤٦ی کوردی بە سەرپەرەشتی خاتوو تامان محەممەدی جێگری بەشی تشکیلات یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان لە شاری قەڵادزی بەڕێوەچوو

کۆبوونەوەکە بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەست پێکرا، پاشان خاتوو "تامان محەممەدی"جێگری بەشی تەشکیلات کۆبوونەوەکەی کردەوە کە تێی دا باسێکی لەسەر کاروچالاکیەکانی بەشی تەشکیلات بەگشتی و سازماندهی ئەندامان و کومیتەکانی بە گشتی کرد.

دواتر خاتوو تاما محەممەدی " باسێکی لە وەرزی نوێی کارو چالاکەکانی یەکیەتیی ژنان و پلان و بەرنامە بۆ داهاتوو، و هەروەها ئەرکی ئەندام و ڕێکخراوچیە لەبەرانبەر یەکتردا، پێشکەش بە ئامادەبووانی کرد و لە کۆتایی کۆبوونەوەکە بەشداربووان ڕاوبۆچوونی خویان دەربری کە لە، لەیەن ئەندامانی بەریۆەبەریەوە ولامیان دایەوە،

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆ ئەندامانیان لە کەمپی گردەچاڵ و هەولێر.





ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١ی گەلاوێژی ١٤٠٣ هەتاوی بە سەرپەرەشتی خاتوو «شنە درودگەر» سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ، کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان لە شاری هەولێر و کەمپی گردەچاڵ بەڕێوەچوو

کۆبوونەوەکە بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەست پێکرا، پاشان خاتوو «تامان محەممەدی»جێگری بەشی تەشکیلات کۆبوونەوەکەی کردەوە کە تێی دا باسێکی لەسەر کاروچالاکیەکانی بەشی تەشکیلات بەگشتی و سازماندهی ئەندامان و کومیتەکانی بە گشتی کرد.

دواتر خاتوو «شنە درودگەر « باسێکی لە وەرزی نوێی کارو چالاکەکانی یەکیەتیی ژنان و پلان و بەرنامە بۆ داهاتوو، و هەروەها ئەرکی ئەندام و ڕێکخراوچیە لەبەرانبەر یەکتردا، پێشکەش بە ئامادەبووانی کرد لە کۆتایی دا خاتوو شنە ولامی پرسیاری بەشداربووان و ڕاوبووبۆچونی هاوڕێیانی دایەوە.

لەکۆتایی کۆبوونەوەکە کومیتەی نوێ هەڵبژێردا.



هاوڕێیان و خۆشەویستانی هۆگری کتێب و زانست، وەک بەشی ڕاگەیاندن و پەروەردەی یەکیەتیی ژنان دەستمان بە پرۆژەی خوێندنەوە شرۆڤە و باسی کتێب کردووە، شرۆڤەکان لە ژوورێکی داخراو تایبەت بە ژنانی نێو حیزب بە شێوازی ڤیسکاڵ دەکرێ.

بەرنامەی کاریمان:

کتێبەکان لەنێو کتێبە حیزبیەکان هەڵدەبژێرین. هەوڵ دەدەین ئەو کتێبانە هەڵبژێرین کە خاتوونەکان نووسیبێتیان یان ئەو کتێبانەی کە بە هۆکاری سیاسی لە ناوخۆ قاچاخن.

مانگێ کتێبێک دەناسێنین، ئەندامانی کاناڵ بەگشتی لەو مانگەدا دەتوانن ئەو کتێبە بخوێننەوە و دوای مانگێک شەوێک دادەنێین بۆ باس و شرۆڤەی کتێبەکە و هەموو ئەو کەسانەی خوێندبێتەوە دەبێ لە ڕوانگەی خۆیان شرۆڤەی بکەن.

تۆماری شرۆڤەکانیش لە پەیجێکی ئینستاگرامیدا بە ناوی (ژنان و دونیای کتێب) بڵاو دەکەینەوە




# (لە تۆڕی کۆمەڵایەتی X/تویتەر، بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چالاکانی کورد بەرنامەێکیان بەڕێوەبرد

ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٤ی کوردی سپیسێک بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ٧٩هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێکخراوەکانی ژنان، خۆێندکاران و لاوان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی X/تویتەر، بە پێشکەشکاران: بەڕێز کاک هەژار ڕۆستمی، خاتوو سروە زەند و کاک باخەکۆ مورادی بە میوانداری ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران بەڕێز کاک تاهیر مەحموودی و زیاتر لە ١٢ هەزار بەشدار بوو بە ڕێوە چوو.

بەشی یەکەمی بەرنامەکە بە سروودی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێ دەنگی بۆ گیان پاکی شەهیدان دەستی پێکرد و دواتر لە لایەن پێشکەشکاران بە خێر هاتنی بەشدار بووان و میوانی بەرنامەکە کاک تاهیر مەحمودی کرا و دواتر لە لایەن کاک باخەکۆ مورادی پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی، ژنان، لاوان و خوێندکاران پێشکەش بە گوێگران کرا.

لە بەشی دووهەمی سپیسەکە، بەڕێز کاک تاهیر مەحموودی بابەتێکی بە سوودی لە سەر مێژووی حیزبی دێموکرات و شوڕشی کورد لە هشت دەهەی ڕابردوو کرد و بەشدار بووان ڕاو بووچۆنی خۆیان دەربڕیو بەشداری باسەکە بوون.

لە کۆتایی دا پەیمان نوێ کرایەوە لەگەڵ ئامانج و خەباتی شەهیدانی کوردستان و تا دوا هەناسە درێژە دەری ڕێگەی خەباتی پڕ لە سەروەرییان.

# ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان وەک بەربژێر بۆ هەڵبژاردنی شارەوانی لە وڵاتی بلژیک، بەربژێر کرا




خاتوو «ناسک نەسیری» خەڵکی شاری مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک بەربژێر بۆ هەڵبژاردنی شارەوانی N-VA (هاوپەیمانەتیی نوێی فلاندەرن) بۆ دەڤەری ڤلاندرن ناودێر کراوە.

ناسک نەسیری لە ساڵی ٢٠١١ـەوە لە وڵاتی بلژیک نیشتەجێیە و یەکێک لە ئەندامە کاراکانی یەکیەتیی ژنان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و هەتا ئێستاش چالاکە. هاوکات لەگەڵ چەند ڕێکخراوی تری کوردستانی کە بۆ دۆزی نەتەوەی کوردستانی تێدەکۆشن چالاکیی هەبووە.

خاتوو ناسک نەسیری لە ساڵی ٢٠١٧هوە هەتا سەرەتای ساڵی٢٠٢٤ وەک بەرپرسی کومیتەی یەکیەتیی ژنانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بلژیک ئەرکی بە ئەستۆوە بووە. ماوەی دوو ساڵە ئەندامی پارتی هاوپەیمانی N-VA ڤلاندرنی بەلژیک ە

بڕیارە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١٠/١٣ بەڕێوە بچێت.

پارتی هاوپەیمانیی فلاندرنی نوێ پارتێکی سیاسیی نەتەوەگەرا و کۆنەپارێزی فلاندەرییە لە وڵاتی بلژیک. ئەم پارتە لە ساڵی ٢٠٠١ لەلایەن بەشە ڕاستڕەوەکەی یەکیەتیی گەلی ناوەندگەرای نەتەوەپەرستەوە دامەزراوە. N-VA بزووتنەوەیەکی جیاییخوازە کە خۆی بە بەرەوپێشبردنی نەتەوەگەرایی مەدەنی دەناسێنێت.

# پەیامی یەکیەتییەکانی خوێندکاران، لاوان و ژنانی دێموکرات، بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٧٩هەمین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکرات

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان!

تێکۆشەران، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات!

لاوان، ژنان و خوێندکارانی ڕزگاریخوازی کورد!

لە سەردەمی پێشکەوتن و مودێرنیتە و تەنانەت پۆستمودێرنی سەدەی ٢١دا کە عەقڵیەتی دەوڵەت ـ نەتەوە بەسەر هەموو جیهاندا زاڵە و لەم نەزمە نوێیەدا ئەگەر نەتەوەیەک خاوەن دەوڵەت نەبێت لە هاوکێشە سیاسی و یاساییەکاندا هیچ حەسێبێکی بۆ ناکرێت، نەتەوەی کورد لەو دەگمەن نەتەوانەیە کە بە هۆی بێدەوڵەتی و نەبوونی کیانێکی سیاسیی سەربەخۆ بەردەوام قوربانی دەدات و ڕۆڵە ئازا و چاونەترسەکانی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە شەهید دەکرێن. ئەم دۆخەی کە بەسەر کورددا سەپاوە و بەرهەمی فاکتەرە دەرەکی و نێوخۆییەکانە لە بەراورد لەگەڵ سەدەکانی پێش، گەلێک کارەساتبارتر و جەرگبڕترە و لە بەرچاو هەموو دنیا و لە قۆناغی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و ڕاگەیاندن و ڕایەڵە جیهانییەکانەوە ڕۆژ نییە کە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەسەر خاکی باپیران و داپیرانیان نەکوژرێن یان سەرکوت و دەسبەسەر نەکرێن، ئەمەش تەنیا بە تاوانی کوردبوون و خواستی ژیانێکی سەربەستانە و سەربەرزانەیە لەسەر خاکی خۆیان.

بە هێنانە بەرچاوی ئەم دۆخەی کە بەسەر نەتەوەکەماندا زاڵە و ئەوەی کە دوژمنانی کورد چۆناوچۆن لە چوار لاوە پەلامارمان دەدەن، دەبێت پیرۆزیی هێندێ قۆناغی زێڕین لە مێژووی خەبات و بزووتنەوەی کوردمان زیاتر بۆ دەرکەوێت و زیاتر ڕێز لە هەڵویستە ڕەسەن و ڕاستەقینەکانی تێکۆشەران و گەورە پیاوانی ڕابردووی خۆمان بگرین کە بە هەڵویستەکانیان پێشبینی ئەمڕۆی ئەم جیلەیان کردووە و هەوڵیان داوە بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیان داهاتوویەکی گەشمان بۆ بەدی بهێنن. ئەگەرچی تێکۆشان و بەرخۆدانەکانیان بە ئەنجام نەگەیشتووە، بەڵام ئەمە نابێت لە بایەخ و بەهایان کەم بکاتەوە. یەکێک لەو قۆناغە زێڕینانەی مێژووی نەتەوەی کورد قۆناغی هاتنە کایە و سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێ لە خەباتە کە ئەم شێوازە لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە چوارچێوەی دیاردەیەکی نوێ بەناوی ”حیزب“ پێناسە دەکرێت. ئەگەرچی بە هۆی ناسکبوونی دۆزی کورد لە ئێستەدا بیری تەسکی حیزبایەتی ناتوانێت بە هیچ کوێیەکمان بگەینێت و مەحکوومین بە یەکڕیزی و هاودەنگی، بەڵام جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکرێت کە شانازیی هاتنەکایەی ئەم شێوازە نوێیە لە خەبات پشکی شێری وەبەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەوێت کە ٧٩ ساڵە لە پێناو وەدیهاتنی مافی ڕەوا و بەحەقی کورد خەبات دەکات و تەنگوچەڵەمە دەبینێت و مانەوەی لەم ڕێگایەدا سەلمێنەری ڕەسەنبوون و هەقیقەتی خەبات و سیاسەتەکانیەتی، کە پاش ئەو هەمووە ساڵە لە بەرخۆدان هێشتا وەکوو حیزبێکی گەنج و تازەنەفەس لە مەیدانە و لەسەر داوا ڕەواکانی کورد پێداگرە.

هۆکارەکانی مانەوەی حیزبی دێموکرات:

ئەم حیزبە کە خاوەن هەزاران شەهید، کەمئەندام، بەندیی سیاسی و ئاوارەی هەندەرانە، جیا لەوەی کە لەسەر بنەمایەکی ڕاستەقینە و جەوهەریی وەکوو ”شوناسخوازیی نەتەوەیی“ و ”دێموکراسیخوازی“ دامەزراوە، بە هۆی چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندیی بەرزەوە ئێستەشی لەگەڵ بێت، خاوەن پێگە و جەماوەرێکی بەهێز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جێگەی ڕێز و بایەخە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان. بەشێک لەم تایبەتمەندییانە ئەمانەن:

١ـ یەکەم حیزبی کوردستان کە بە شێوەیەکی مودێڕن و سەردەمیانە هەوڵی ڕێکخستن و کۆکردنەوەی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانی دا.

٢ـ دامەزرانی دەسەڵاتێکی خۆیی و سەربەخۆ بە ناوی کۆماری کوردستان لە هەمان ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و لە هەناوی ئەم حیزبەدا.

٣- بێگەردبوونی مێژووی خەبات و بەدووربوون لە هەر چەشنە خەیانەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دەرحەق بە دۆزی نەتەوەییی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

٤- گیانفیدایی و لەخۆبردوویی ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە و مانەوەیان لەگەڵ خەڵکی کورد.

٥- پێداگری لەسەر کەتوارە سیاسییەکان و خۆدوورگرتن لە هەر چەشنە تەوەهۆمێکی سیاسی.

٦- باوەڕمەندبوون بە دێموکراسیی ڕاستەقینە و داهێنانی چەمکی ئیخلاقی سیاسی.

٧- باوەڕمەندبوون بە دۆزی ڕەوای کورد و فیدانەکردنی ئەم خاڵە جەوهەرییە لە پێناو دروشم و گوتاری زاڵی قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا.

هەموو ئەم تایبەتمەندییانە و لەوانەش وانەوەرگرتن لە هەڵە و ئەزموونەکان وای لەم حیزبە کردووە کە هەنووکە سەرەڕای دووربوون چەندین ساڵەی لە خەڵکەکەی و بێدەرەتانبوون، دیسان لە ڕۆژهەڵات و تەنانەت لە ئێرانیش حیزبێکی شوێندانەر و چارەنووسساز بێت و بە هەڵویستەکانی پیلان و بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی تا ڕادەیەکی بەرچاو بەرەو پووچەڵبوون ببات.

زیندوو بوونی حیزبی دێموکرات لە مەیدانی خەباتی کوردایەتیدا و شوێندانەریی لە هەمبەر ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە سەردەمی ڕاپەڕینی ژینا وەکوو ڕاپەڕینێکی دەگمەنی شوناسخوازانەی نەتەوەی کورد بۆ هەموو کەسێکی ئاشکرایە و دروشمی "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ئەم ڕاستییە، چونکە ڕێگای قاسملوو هەمان حیزبی دێموکراتە و دێموکرات و قاسملوو دووانەیەکی لێکدانەبڕاون.

ئێستەش کە ڕێژیمی داگیرکەری ئاخوندیی بە هەموو شێوەیەک لە جینایەتەکانی خۆی بەدژی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات بەردەوامە و وا نیشان دەدات کە توانیویە کۆتایی بە هەموو نارەزایەتییەکان لە ئێران و کوردستان بهێنێ و بە قەولی خۆی ئەمنییەت و ئاسایشی جێگیر کردووە، حیزبی دێموکرات بە سەرەکیترین و بەهێزترین دژبەری خۆی حەسێب دەکات و هەموو هەوڵەکانی خۆی وەگەڕ خستووە هەتا ئەم حیزبە لە نێو ببات، چونکە پێی وایە بە لەنێوبردنی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان کۆتایی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دەهێنێت، بەڵام نائاگا لەوەیە کە پێگەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات قووڵاییی ڕۆژهەڵاتە و ئەم پیلان و هەوڵانەی بۆ ناچێتە سەر.

لە کۆتاییدا وەکوو یەکیەتییەکانی خوێندکاران، ژنان و لاوانی دێموکرات وێڕای پیرۆزبایی □□هەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرجەم دڵسۆزان و نیشتمانپەروەرانی کورد، ئەو بەڵێنییە بە خەڵکی خۆمان دەدەین کە هەتا وەدیهاتنی سەربەستی و ڕزگاریی کوردستان درێژەدەری ڕێگای شەهیدانین و هەتا لووتکەی سەرکەوتن هەدا نادەین.

سەرکەوێت بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد!

تێک شکێت سپای داگیرکاریی داگیرکەرانی کوردستان!

یەکیەتییەکانی خوێندکاران، ژنان و لاوانی دێموکرات.

٤□ی گەلاوێژی ٤□□□ی کوردی



# Woman Life Freedom



**woman**

**67**

Democrattic Women Union of Kurdistan